چاودێرێکی سیاسی: بێلایەنیی هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی ئەرێنی دەبێت

چاودێرانی سیاسیی جەخت لەوە دەکەنەوە کە بێلایەنیی هەرێمی کوردستان وا دەکات کە سەقامگیریی بگەڕێتەوە ناوچەکە، هەروەها پێیانوایە کە ئیرادەیەک هەیە دەیەوێت عێراق لەم بارودۆخە دووربخاتەوە. هەروەها شارەزایەکی سیاسیی پێیوایە کە ململانێیەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران و ناسەقامگیریی عێراق کاریگەری لەسەر دۆخی ئابووری و سیاسیی هەرێمی کوردستان دەبێت و بێلایەنیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو بارودۆخەی ئێستای عێراق بە هەڵوێستێکی ئەرێنی وەسف دەکات و ئاشکرایشی دەکات کە پێویستە هەرێم بەشێک بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5909) دووشەممە 13ی کانوونی دووەمی 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

ڕوونکردنەوەیەک
لە گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

لەم ڕۆژانەدا پەیامنێرێکی بەشی فارسیی کەناڵی بی بی سی، ئاماژەی بەوەداوە کە هەوڵێر ئاگاداری پێشوەختەی هێرشی موشەکیی سالّی ڕابردووی ئێران بووە بۆ سەر پێگەی پارتە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی. ئەم هەواڵە دووڕە لە ڕاستی و ڕەتیدەکەینەوە.

جووتیار عادل/گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

عادل عەبدولمەهدی ستایشی یەکگوتاریی هەرێمی کوردستان دەکات



دوای کێشە و ئاڵۆزییەکانی بەغدا، سەرۆکوەزیرانی عێراق و شاندی یاوەری سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت، سەردانی عادل عەبدولمەهدی بۆ ستایشی یەکگوتاریی هەرێمی کوردستان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بوو بۆ عێراق و دوورخستنەوەی لە ململانێکان. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:
سەردانەکەی عادل عەبدولمەهدی بۆ هەولێر لە کاتێکی گونجاو بوو

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق جەخت لەسەر پابەندبوون بە ڕێککەوتنی بودجە، دەکەنەوە. جووتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی (شەرقولئەوسەت)ی ڕاگەیاندووە، سەردانەکەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق بۆ هەولێر «لەکاتێکی زۆر گونجار بوو بۆ هەردوولا». **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

نێچیرڤان بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ پۆرتاڵی ڕۆژنامەی (بیلد)ی ئەڵمانیا:
مەترسی هەیە عێراق بەرەو ئاڕاستەی هەڵە بڕوات
هەرێمی کوردستان و عێراق پێویستییان بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان هەیە



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەیەکی بەنێوبانگی ئەڵمانی ڕاگەیاندووە کە عێراق پێویستی بە پشتیوانی دراوسێ و هاوڕێکانیەتی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەبارەی کشانەوەی هاوپەیمانانیش بەتایبەت ئەڵمانیا گوتوویەتی، جارێ زووە بۆ کشانەوەی هاوپەیمانان و سوپای ئەڵمانیا لە عێراق.

شەوی شەممە 2020/1/11 پۆرتاڵی ڕۆژنامەی (بیلد)ی ئەڵمانیا هەڤپەیڤینێکی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بڵاوکردەوە. لەو هەڤپەیڤینەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبارەی دۆخی عێراقەوە دەڵێت: ئێستا دووڕیانێک لە پێش عێراقە. نێچیرڤان بارزانی بەردەوامی بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: بەدڵنیاییەوە مەترسی هەیە عێراق بەرەو ئاراستەی هەڵە بڕوات. ئێمە هیواخوازین، هەموومان پێکەوە بتوانین کار بۆ ئەوە بکەین سەقامگیری، ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی عێراق بگەڕێنینەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
بەدەنگ داواکاریی قوربانییەکی چەکی کیمیاییەوە دێت

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەدەنگ داواکاریی قوربانییەکی چەکی کیمیاییەوە دەچێت و بڕە پارەی پێویستی بۆ چارەسەرکردن و ڕزگارکردنی لەم دۆخەی تێیدایە، بۆ خەرج دەکات. کامیل عەبدولقادر، بەرکەوتووی چەکی کیمیایی، لە یاداشتێکدا کە ئاراستەی مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی کردبوو، ئاماژەی بەوە دابوو کە ئەو لە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی کە 9 کەس بوون، لەدەست داوە و تەنیا خۆی ماوەتەوە، ئێستاش نزیکەی 32 ساڵە بەدەست کاریگەرییەکانی گازی خەردەلەوە دەناڵێنێت و بەردەوام چارەسەر بەکار دەهێنێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەیاد عەللاوی:
نابمەوە بە سەرۆکوەزیران



سەرکردەی هاوپەیمانی وەتەنییە لە عێراق، ئەیاد عەللاوی وەڵامی ئەو تۆمەتانەی دایەوە کە لەبارەی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکوەزیران ئاراستەی کراوە و ڕاگەیاند کە بەهیچ شێوەیەک ڕکابەری ئەو کەسانە ناکات کە هەوڵ دەدەن بن بە سەرۆکوەزیران. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

عێراق.. برینداربوونی 59 کەس لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان لە واست

لە ئاکامی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان لە پارێزگای واست باشووری عێراق، 59 کەس برینداربوون. سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی واست ڕایگەیاند، نەخۆشخانەکانی شاری کوت ناوەندی پارێزگای واست پێشوازیی لە 59 بریندار کردووە کە لەو ژمارەیەدا 48یان لە هێزە ئەمنییەکان و ئەوانەی دیکە لە خۆپیشاندەرانن. بە گوتەی سەرچاوەکە، بریندی زۆربەی بریندارەکان سووک بوون. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

بەهۆی کەمبوونەوەی مریشک لە کێڵگە پەلەوەرییەکان
نرخی مریشکی زیندوو بەرزدەبێتەوە



بەهۆی کەمبوونەوەی مریشک لە کێڵگە پەلەوەرییەکانی باشووری کوردستان نرخی کیلۆیەک مریشکی زیندوو لە بازاڕدا بۆ 3500 دینار بەرزدەبێتەوە. خاوەن کێڵگەیەکی پەلەوەریش دەڵێ" ساڵانە و لەم وەرزەدا کێڵگەکان کەمتر مریشک دەخەنە بازاڕەوە، چونکە نەخۆشی بڵاودەبێتەوە، ئەوەش وا دەکات نرخی مریشکی زیندوو بەرزبێتەوە". **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

دۆناڵد ترەمپ پشتیوانیی خۆی بۆ خۆپیشاندەرانی ئێران دەردەبڕێت
گردبوونەوەی ناڕەزایی لە زانکۆکانی ئێران بەردەوامە



لە دووەم ڕۆژی خۆپیشاندان و گردبوونەوە ناڕەزاییەکان لە ئێران، دوێنێ یەکشەممە دیسان لە چەند زانکۆیەکی تاران خوێندکاران دەستیان کردەوە بە خۆپیشاندان و ناڕەزایی و لەدژی حکوومەت دروشمیان گوتەوە.

لەو بارەیەوە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی "هەر لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتمەوە پشتیوانی گەلی چاونەترس و ستەمدیدەی ئێران بووم و کابینەی حکوومەتەکەشم بەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنتان.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



عادل عەبدولمەهدی ستایشی یەکگوتاریی هەرێمی کوردستان دەکات

دوای کێشە و ئاڵۆزییەکانی بەغدا، سەرۆکوەزیرانی عێراق و شاندی یاوەری سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت، سەردانی عادل عەبدولمەهدی بۆ ستایشی یەکگوتاریی هەرێمی کوردستان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بوو بۆ عێراق و دوورخستنەوەی لە ململانێکان.

پەیوەست بەو سەردانەی سەرۆکوەزیرانی عێراق، فارس عیسا، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: سەردانی سەرۆکوەزیرانی عێراق زۆر گرنگ بوو کە ئەمە یەکەم سەردانی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدییە بۆ هەرێمی کوردستان، دوای ئەوەی وەک سەرۆکوەزیران دەستبەکار بووە، کە لە کاتێکی زۆر نالەبار و هەستیاردا بوو، پێوست بوو پێشتریش ئەم سەردانەی بکردایە، بەڵام ئاڵۆزییەکی زۆر لە عێراقدا هەیە، چونکە عێراق لەم بارودۆخە بەدەر نییە بەتایبەت دوای خۆپیشاندانەکانی عێراق کە بە دڵنیاییەوە عێراقیش کەوتووەتە نێو ململانێی نێوان ئەمەریکا و ئێران کە لەسەر خاکی عێراق ڕووی دا.

نوێنەری هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە گوتی: سیاسەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی کێشەکانی عێراق و گەڕانەوەی ئارامی و یەکگوتاری و هاوسەنگی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕوون بوو، بۆیە سەرۆکوەزیران و شاندی یاوەری سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان گفتوگۆیان کرد تا چارەسەری کێشەکانی بەغدا بکرێت و ئارامی بۆ عێراق و هاوواڵتیانی بگەڕێندرێتەوە.

عیسا گوتیشی: سەردانەکەی سەرۆکوەزیران بۆ ستایشکردنی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان بوو، کە هەڵوێستێکی هاوسەنگیان هەبووە، هەروەها بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بوو کە چۆن عێراق بەرەو کەناریکی ئارام و ئاقارێکی سەقامگیر تێپەڕێنن، لەو بارەیەشەوە سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوون و ئاشکرایە کە لەم بارودۆخە نیگەران و هاوکارن بۆ نەهێشتنی کێشەکان و ڕوونیشی کردەوە: داوا لە عێراقیش دەکەین سیاسەتێکی هاوسەنگی هەبێت و لایەنەکانیش بەرژەوەندیی خەڵکی عێراق لە پێش بەرژەوەندیی خۆیانەوە دابنێن.

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

سەردانەکەی عادل عەبدولمەهدی بۆ هەولێر لە کاتێکی گونجاو بوو

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق جەخت لەسەر پابەندبوون بە ڕێککەوتنی بودجە، دەکەنەوە.

جووتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی (شەرقولئەوسەت)ی ڕاگەیاندووە، سەردانەکەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی کابینەڕێکەری عێراق بۆ هەولێر «لەکاتێکی زۆر گونجاو بوو بۆ هەردوولا».

ڕۆژی شەممە 2020/1/11 عادل عەبدولمەهدی بە سەرۆکایەتیی شاندێکی بااڵی عێراق، سەردانی هەولێری کرد و بە جیا لەگەڵ سەرۆک بارزانی و هەردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. جوتیار عادل هەروەها ڕایگەیاندووە، پرسی بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2020 و بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان، تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکانی عادلعەبدولمەهدی و بەرپرسانی بااڵی هەرێمی کوردستان بوو.

لەبارەی بڕیاری پەرلەمانی عێراق بە دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە وڵاتەکەی، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە، بڕیارەکە لەژێر کاریگەریی سۆز و بەپەلە درا و عێراق هێشتا مەترسیی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشی لەسەر ماوە. جوتیار عادل ڕەتیشی کردۆتەوە عادل عەبدولمەهدی بەرپرسیاری بارودۆخی ئێستای عێراق بێ و ڕایگەیاندووە، بەهۆی پابەندنەبوونی حکوومەتەکانی پێش عەبدولمەهدی بە دەستوورەوە، گەیشتووەتە ئەو بارودۆخەی ئێستا.

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەوەرەکانی کۆبوونەوەی عادل عەبدولمەهدی و بەرپرسانی بااڵی هەرێمی کوردستانی ئاشکرا کردووە، کە بریتی بوون لە؛

- پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا
- بودجەی گشتیی عێراق و بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان.
- بەردەوامیدان بە کۆبوونەوەکانی پێشتری هەولێر و بەغدا.
- گرنگیی پابەندبوونی حکوومەتی عێراق بە ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا، چ حکوومەتی ئێستا چ حکوومەتی داهاتوو.
- بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای پێشهاتەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە عێراق.
- سەربەخۆیی بڕیاری عێراقی.

32 ساڵە بەدەست کاریگەرییەکانی گازی خەردەلەوە دەناڵێنێت

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەدەنگ داواکاریی قوربانییەکی چەکی کیمیاییەوە دێت



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەدەنگ داواکاریی قوربانییەکی چەکی کیمیاییەوە دەچێت و بڕە پارەی پێویستی بۆ چارەسەرکردن و ڕزگارکردنی لەم دۆخەی تێیدایە، بۆ خەرج دەکات.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە 2020/1/11 کامیل عەبدولقادر، بەرکەوتووی چەکی کیمیایی، لە یاداشتێکدا کە ئاراستەی مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی کردبوو، ئاماژەی بەوە دابوو کە ئەو لە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی کە 9 کەس بوون، لەدەست داوە و تەنیا خۆی ماوەتەوە، ئێستاش نزیکەی 32 ساڵە بەدەست کاریگەرییەکانی گازی خەردەلەوە دەناڵێنێت و بەردەوام چارەسەر بەکار دەهێنێت.

ئەو بەرکەوتووە باسی لەوە کردبوو کە دوای 32 ساڵ لە بەکارهێنانی چارەسەر، سییەکانی لەکار کەوتوون و پێویستە دەست بەجێ نەشتەرگەریی چاندنی سییەکانی بۆ بکرێت، بۆ ئەمەش پێویستی بە چاودێرییەکی تایبەتە کە تەنیا هاوسەر و منداڵەکانی دەتوانن ئەم چاودێرییەی بکەن، بەڵام ئەوان لە کوردستانن.

هەر لە یاداشتەکەیدا نووسیویەتی: «بە هەوڵی چەند ڕێکخراوێکی بواری جینۆساید لە کوردستان، کونسوڵگەریی ئەڵمانیا لە هەولێر ڕازی کراوە بەوەی قیزەی ساڵێک بە خێزان و منداڵەکانم بدات تاوەکوو بێنە ئەڵمانیا، بەڵام ئامادە نییە هیچ خەرجییەکیان لە ئەستۆ بگرێت، خەرجیی مانەوەشیان بە پەنجا هەزار یۆرۆ مەزەندە دەکرێت». بۆیە داوای خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیەی کردووە.

پاش تێپەڕبوونی چەند کاتژمێرێک بەسەر یاداشتەکەیدا، بەیانیی ئەمڕۆ کامیل عەبدولقادر بڵاوی کردەوە، کاتژمێر 8ی ئەم بەیانییە، «لە نووسینگەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پەیوەندیم پێوە کرا و پێم ڕاگەیاندرا کە جەنابی سەرۆکی حکوومەت هەوڵدەدەن پرسێ و سڵاوی هەیە بۆتان، ئەو بڕی سی هەزار یۆرۆیەش کە داوات کردووە، بۆت خەرج کراوە».

بۆ ئەم مەبەستەش سوپاسی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە و ڕای گەیاندووە، ئەو پەنجا هەزار یۆرۆیەی داوای کردبوو، 20 هەزاری لەلایەن چەند کەسێکەوە وەک هاوکاری بۆ خەرج کراوە، 30 هەزارەکەی دیکەش بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەت خەرج کراوە، بڕیە داوای لە خێرخوازان کردووە، چیتر هاوکاری نەخەنە سەر ژمارە حیسابییەکەی، چونکە بەو بڕە پارەیە پێویستییەکانی دابین دەکات.

دەنگۆی دووبارە متمانەدانەوە بە عەبدولمەهدی بااڵو دەبێتەوە

دەنگۆی دووبارە متمانەدانەوە بە سەرۆک وەزیرانی دەست لەکار کێشاوەی عێراق، بااڵودەبێتەوە و سەرچاوەیەکی هاوپەیمانیی فەتحیش ڕوونکردنەوە دەدات. بەشێک لە میدیا عێراقییەکان بااڵویان کردووەتەوە، کە هەردوو هاوپەیمانیی فەتح (هاوپەیمانیی سائیروون، کە لە پەرلەمانی عێراق) و هاوپەیمانیی سائیروون، کە موقتەدا سەدر ڕێبەرایەتی دەکات، ڕێککەوتوون لەسەر متمانەدانەوە بە عادل عەبدولمەهدی.

دوێنێ یەکشەممەش 2020/1/12 بەشێکی دیکە لەمیدیا عێراقییەکان لە زاری سەرچاوەیەکی فەتحەوە بااڵویان کردووەتەوە، کە ئەو دەنگۆیانە ڕاست نین و سائیروون و فەتح لەسەر متمانەدانەوە بە عەبدولمەهدی، ڕێک نەکەوتوون.

عادل عەبدولمەهدی لەدایکبووی 1942ی شاری بەغدایە، لە مانگی 10ی 2018 وەک سەرۆک وەزیرانی عێراق دەست بەکار بوو و لە 2019/11/30 دەستی لەکار کێشایەوە و ڕۆژی دواتر پەرلەمانی وڵاتەکەی دەست لەکار کێشانەوەکەی قبوڵ کرد. دەست لەکار کێشانەوەی عەبدولمەهدی لەسەر داوای مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق و دوای پەرەسەندنی خۆپیشاندانەکانی وڵاتەکەی، هات. خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژی 2019/10/1ـەوە لە بەغدا و زۆربەی شارەکانی عێراق دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری، دەستیان پێ کرد.

د. دلاوەر ئاژگەیی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی بەڵژیکا دروستکردنی کۆمیتەی دۆستانی کوردستان تاوتوێ دەکەن

د.بەشیر حەداد:

وەزیری پەروەردە و بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی کەرکووک بانگهێشتی پەرلەمان دەکەین

دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، هەفتەی داهاتوو وەزیری پەروەردەی حکوومەتی فیدراڵی و بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی کەرکووک بانگهێشتی لیژنەی پەروەردەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەین.

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، دوای ئەوەی ناوی دامەزراوانی پەروەردەی کەرکووک ڕاگەیەندرا و لە کۆی 2500 لەوانەی ناویان گەڕاوەتەوە تەنیا 500کەسیان کوردن کە دەکاتە ڕێژەی یەک لەسەر پێنجی ژمارەی ئەوانەی دادەمەزرێن، هەریەک لە وەزیری پەروەردەی حکوومەتی فیدراڵی و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکووک بانگهێشت دەکەین و داوای ڕوونکردنەوەیان لێ دەکەین و ئەگەر پێویستیش بکات پارێزگاری بەوەکالەتی کەرکووکیش لەسەر هەمان پرس بانگهێشت دەکەین.

دکتۆر بەشیر حەداد، ڕاشیگەیاند، بارودۆخی عێراق خۆی ئاڵۆزە و پێویستە هەموو لایەک کاریکەن بۆ ئەوەی ئاڵۆزییەکان کەم بکرێنەوە نەوەک ئاڵۆزییەکان زیاتر بکرێن و ئاماژەشی بەوەدا ئەو بابەتە بەهیچ شێوەیەک خزمەت بە کەرکووک و دانیشتوانی ئەو پارێزگایە ناکات.



ئەمەو د. دلاوەر خالید ئاژگەیی بە تێروتەسەلی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و بەتایبەتی ڕووداوەکانی ئەمدواییەی خستەڕوو و هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشی ڕوون کردەوە. لەم بارەیەوە نیگەرانیی قوواڵی هەرێمی کوردستانی بۆ تەشەنەسەندنی ڕووداوەکانی ناوچەکە ڕاگەیاند و جەختیکردەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکاری سەربازی بە چارەسەر نابینێت و داوای لە هەموو لایەک کردووە هەرێمی کوردستان لە ململانێکانیان بە دوور بگرن.

لە بەشێکی تری دانیشتنەکەدا ڕۆژلی گرنگی هاوپەیمانان لە یەکلاییکردنەوەی شەڕی تیرۆر و ئاماژەی بەوە ڕاستییە کرد کە نەمانی هێزی هاوپەیمانان لە ناوچەکە دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی تر تیرۆر بەهێز ببێتەوە.

دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی بەڵجیکا تەوەری تری دانیشتنەکە بوون و بڕیار درا کە لە ئایندەکی نزیکدا بە ئاڵوگۆڕکردنی شاندی پەرلەمانی نێوان هەردوولا دەست بە هەنگاوە پراکتیکییەکان لەو بوارەوە بکرێت و لە هەمان کاتدا باس لە دروستکردنی کۆمیتەی دۆستانی کوردستان لە پەرلەمانی بەڵجیکا کرا.

www.xebat.net
دووشەممە 2020/1/13 ژمارە (5909)

نێچیرڤان بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ پۆرتاڵی رۆژنامەی (بیلد)ی ئەڵمانیا:

هەرێمی کوردستان و عێراق پێویستییان بە هاوکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان هەیە

ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ کشانەوەی هاوپەیمانان لە عێراق

نامانەوێت بۆ چارەسەری ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوەکان هەرێمی کوردستان و عێراق ببنە مەیدانی جەنگ

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەیەکی بەنێوبانگی ئەڵمانی ڕاگەیاندووە کە عێراق پێویستی بە پشتیوانی دراوسێ و هاوڕێکانیەتی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەبارەی کشانەوەی هاوپەیمانانیش بەتایبەت ئەڵمانیا گوتوویەتی، جارێ زووە بۆ کشانەوەی هاوپەیمانان و سوپای ئەڵمانیا لە عێراق.



شەوی شەممە 2020/1/11 پۆرتاڵی ڕۆژنامەی (بیلد)ی ئەڵمانیا هەڤپەیڤینێکی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بڵاوکردەوە. لەو هەڤپەیڤینەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبارەی دۆخی عێراقەوە دەڵێت: ئێستا دووڕیانێک لە پێش عێراقە. نێچیرڤان بارزانی بەردەوامی بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: بەدڵنیاییەوە مەترسی هەیە عێراق بەرەو ئاراستەی هەڵە بڕوات. ئێمە هیواخوازین، هەموومان پێکەوە بتوانین کار بۆ ئەوە بکەین سەقامگیری، ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی عێراق بگەڕێنینەوە.

دووبارە بەهێزبوونەوەی داعش، هۆشداریەکی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بۆ کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق و لەبارەوە نێچیرڤان بارزانی دەڵێت: ئێمە لەو باوەڕەداین کە شەڕی دژی تێرۆر کۆتایی نەهاتووە. هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراق هاوشێوەی پێشووتر پێویستی بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان هەیە. لە بەردەوامیی قسەکانیدا نێچیرڤان بارزانی دەڵێت بە بۆچوونی ئێمە ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و لە هەرێمی کوردستانیش. هەڕەشەکان بەردەوامن. هەڕەشەی جیدین. عێراق بە تەنیا ناتوانێت بە سەربدا زاڵ بێت. هەر لەبارەی هەڕەشەکانی داعشەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت هەڕەشەکان تەنیا بۆ ئاسایشی ناوچەکە نین، بەڵکو بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشن.

سەبارەت بە هاوکارییەکانی سوپای ئەڵمانیا لە شەڕی دژی داعش و مەشقکردن بە پێشمەرگە و ناردنی چەک بۆیان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە: ئێمە هەرگیز لەبیر ناکەین بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە، دڵنیابینەوە لەو سەرکەوتنانەی پێکەوە بەدەستهێناون، کە بە فیڕۆیان نەدەین. لەبارەی هاوکارییەکانی نێودەوڵەتیش دەڵێت: ڕێگایەکی درێژمان بڕیوە، توانیمان لەڕووی فیزیکییەوە خەلافەت لەناو ببەین، توانیمان پێداویستییەکانی ئاوارەکان دابین بکەین.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی تایبەتیش بۆ حکوومەت و پەرلەمان و گەلی ئەڵمانیا دەنێرێت و دەڵێت: لەبەر ئەوەی باسمکرد، پەیامی من بۆ حکوومەتی ئەڵمانیا، پەرلەمانی ئەڵمانیا و گەلی ئەڵمانیا ئەوەیە کە ئێمە سوپاسیان دەکەین بۆ ئەوەی کە تاوەکو ئێستا بۆ ئێمەیان کردووە، بەڵام ئێمە وەک هاوڕێ، هاوپەیمان و هاوبەش هیواخوازین کە ئێوە لەگەڵ ئێمە بەردەوام بن لەسەر ڕۆیشتنی ئەم ڕێگایە تاوەکو ئێمە بتوانین ئەو پەیمانەی بە خەڵکی خۆمان داوە ببینەسەر ئەویش ئاسایش و هیوایە بە ئایندەیەکی باشتر. نێچیرڤان بارزانی دەڵێت: ئێمە هاوبەشی ئاشتی و خۆشگوزەرانی دەمێنینەوە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینەکەیدا سەبارەت بە گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران بە پڕفرۆشترین ڕۆژنامەی ئەوروپای گوتووە: نامانەوێت هەرێمی کوردستان و عێراق ببنە مەیدانی شەڕ بۆ چارەسەری ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوەکان.

لە دریژەی قسەکانیدا دەڵێت: ئێستا کاتی ئەوەیە، هەنگاو بنرێت بۆ هاوکاریکردنی عێراق. عێراق پێویستی بە پشتیوانی دراوسێ و هاوڕێکانیەتی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

سەرچاوە: ڕووداو

ئەیاد عەللاوی:

هەوڵ نادەم ببم بە سەرۆکوەزیران

سەرکردەی هاوپەیمانی وەتەنییە لە عێراق، ئەیاد عەللاوی وەڵامی ئەو تۆمەتانەی دایەوە کە لەبارەی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکوەزیران ئاراستەی کراوە و ڕاگەیاند کە بەهیچ شێوەیەک ڕکابەری ئەو کەسانە ناکات کە هەوڵ دەدەن ببن بە سەرۆکوەزیران. ئەیاد عەللاوی لە هەڵمژاری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نووسیوویەتی: هەوڵ نادەم ببم بە سەرۆکوەزیران و بەهیچ شێوەیەکیش ڕکابەری ئەو کەسانە ناکەم کە هەوڵەکانیان لەبارەوە خستووەتەگەڕ. سەرکردەی هاوپەیمانی وەتەنییە، ئەیاد عەللاوی ئەوەشی گوتووە "دەستەکارکێشانەوەم لە ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ڕای گشتی ڕوونکردووەتەوە". ئەیاد عەللاوی ڕاشیگەیاندووە: پێشتر خۆم بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران کاندید نەکردووە و ئەمڕۆش خۆم کاندید ناکەم، ئەو پرسە گەلی عێراق بڕیاری لەسەر دەدات.

جێی باسە ڕۆژی هەینی ڕابردوو ئەیاد عەللاوی دەستەکارکێشانەوەی خۆی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاگەیاند و هەروەها پێیوابوو کە ئەنجوومەنی نوێنەران نەیتوانیوە وەک پێویست مامەڵە لەگەڵ داواکارییەکانی خۆپیشاندەران بکات. ئەیاد عەللاوی کە لە 2004 تا 2005 سەرۆکوەزیرانی عێراق بوو، سیاسەتمەدارێکی شیعەی عیلمانییە و سەرکردەی هاوپەیمانی وەتەنییەیە کە لە کۆی 329 کورسی ئەنجوومەنی نوێنەران خاوەن 21 کورسییە.

د. عەبدولحەکیم خەسرۆ:

بێلایەنیی هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی ئەرێنی دەبێت

هەرێمی کوردستان کار بۆ هێورکردنەوەی دۆخی عێراق و ناکۆکیی ئەمەریکا و ئێران دەکات



چاودێرانی سیاسیی جەخت لەوە دەکەنەوە کە بێلایەنیی هەرێمی کوردستان وا دەکات کە سەقامگیریی بگەڕێتەوە ناوچەکە، هەروەها پێیانوایە کە ئیرادەیەک هەیە دەیەوێت عێراق لەم بارودۆخە دووربخاتەوە. هەروەها شارەزایەکی سیاسیی پێیوایە کە مللانێیەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران و ناسەقامگیریی عێراق کاریگەری لەسەر دۆخی ئابووری و سیاسیی هەرێمی کوردستان دەبێت و بێلایەنیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو بارودۆخەی ئێستای عێراق بە هەڵوێستێکی ئەرێنی وەسف دەکات و ئاشکرایشی دەکات کە پێویستە هەرێم بەشێک بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان.

شارەزای سیاسی دکتۆر عەبدولحەکیم خەسرۆ گوتی: ناسەقامگیریی عێراق کاریگەری لەسەر ئابووری ووڵات دەبێت، چ لە بابەتی خۆپێشاندان یان ئەو بارودۆخە ئەمنییەی لە عێراق هەیە کە کاریگەری کردووەتە سەر هەموو سێکتەرەکان وەکو ئابووری، سیاسیی و وزە و ئەمە حاڵەتێکی گشتییە و ئەوەی گرنگە چۆن حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق ڕووبەڕووی ئەو قەیرانە ببنەوە و چارەسەری گونجاو بدۆزنەوە، بێلایەنی هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی ئەرێنیی دەبێت لەوەی کە دووبارە بارودۆخەکە سەقامگیر بێتەوە و ژینگەیەکی باشیش بۆ ئابووری فەراهەم بێت.

لەبارەی دۆخی هەرێمی کوردستان و مامەڵەکردنی لەگەڵ وڵاتانی دیکەوە، عەبدولحەکیم خەسرۆ گوتی: ئەوەی کە زۆر گرنگە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاندووە کە بێلایەنە و نابێت بە هیچ شێوەیەک ئەو مللانێیەی ئێران و ئەمەریکا کاریگەری هەبێت لەسەر ناوخۆی عێراق، چونکە پێویستە هەرێمی کوردستان و عێراق بەشێک بن لە چارەسەر.

ڕاگری کۆلیژی یاسا و ڕامیاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، دکتۆر کەنعان حەمەغەریب عەبدوڵڵا سەبارەت بە مللانێیەکی نێوان ئەمەریکا و ئێران گوتی: مللانێی نێوان ئەمەریکا و ئێران ڕەهەندێکی میژوویی هەیە و لە ساڵی 1979 بەدواوە ئەم مللانێیە بەردەوامە، بەڵام لەدوای ساڵی 2003 و پڕۆسەی ئازادیی عێراق و ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکەدا ڕوویاندا بابەتەکە زیاتر ئاڵۆزبوو، دواتر لە بەهاری عەرەبیدا کۆمەڵێک ڕەهەندی تازەی وەرگرت. دکتۆر کەنعان حەمەغەریب گوتیشی: عێراق بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەڕوات، عێراق بە دۆخێکی ناسەقامگیری دا تێپەڕبووە، حکوومەتێکی کاربەڕێکەری هەیە، داموودەزگاکانی دەوڵەت پەکیانکەوتووە، عێراق بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەڕوات، ڕوون نییە کەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، ڕوون نییە داوا لە کێ دەکرێت کە حکوومەتێکی تازە پێکبهێنێت، هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن کە داهاتووی عێراق زۆر نارووننە و کێشەکان بەرەو خراپی دەڕوات و ئەمەش کاریگەری ئابووری و سیاسی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت.

دکتۆر کەنعان حەمەغەریب گوتیشی: هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی قورسدایە، پاراستن و ڕاگرتنی باڵانس قورسە، بەڵام وەک دەیبینین لە چوارچێوەی بەشدارینەکردنی پەرلەمانتارە کوردەکانی بەغدا و دواتر بەیاننامەی کۆبوونەوەکەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان دەیەوێت تەوازونی دۆخەکە ڕابگرێت و پەیوەندی لەگەڵ ئێران و ئەمەریکا تێک نەدات، کار بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە بکات، بۆیە ئەرکی هەرێم قورسە. لەبارەی پێشبینییەکان بۆ مللانێی نێوان ئەمەریکا و ئێران، دکتۆر کەنعان حەمەغەریب گوتی: دوای موشەکبارانەکەی ئێران هەست دەکەین دۆخەکە بەرەو ئارامبوونەوە دەڕوات، بەڵام مللانێی ئەمەریکا و ئێران بەردەوامە.

داعش لە سنووری کەرکووک بەهێز بووەتەوە

هێزە ئەمنییەکانی عێراق، لە سنووری پارێزگای کەرکووک دەستیان بەسەر 65 بژمبی چێندراوی داعشدا گرت. پۆلیسی فیدراڵیی عێراق لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکیشی دراوەتە خەبات، بڵاوی کردووەتەوە و تێیدا هاتووە، پۆلسی فیدراڵیی عێراق لە سنووری پارێزگای کەرکووک، دەستیان بەسەر 65 بۆمبی چێندراو و 150 ڕاستەی تەقینەوەی تیرۆریستانی داعشدا گرتووە.

ئەوەش خراوەتە ڕوو، پاشان لەلایەن ئەندازەی فەرماندەیی پۆلیسی فیدراڵیی عێراقەوە سەرجەم بۆمبەکان پووچەڵ کرانەوە. هاوکات، ماوەیەکە داعش جموجۆڵی لە سنووری کەرکووک زیادی کردوو و لەمبارەوە، مەریوان جەلال، بەرپرسی پێشووی مەکتەبی ڕاگەیاندنی لقی سێی پارتی لە کەرکووک، بە خەباتی ڕاگەیاند: ئێستا داعش لە سنووری کەرکووک بەهێز بووەتەوە و ڕۆژانە لە سنوورەکە کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن. گوتیشی: هاوکات داعش لە ناوچە کوردستانییە داگیرکراوەکانی دیکە و چیای حەمرینیش هەیە و ئەوان مەترسین بۆ سەر ناوچەکە، هەڵبەتە داعش لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017ەوە هەڵی باشیان بۆ ڕەخساوە بۆ ئەوەی خۆیان بەهێز بکەنەوە، چونکە هێزی پێشمەرگە لە سنوورەکە نەماوە.

هەوڵێک لە ئارادایە دەسەڵات بە حکوومەتی عێراق بدرێت بودجە ڕەوانەی پەرلەمان بکات

جەمال کۆچەر رایدەگەیەنێت ئەندامانی سوننە و شیعە داوایان کردووە دەسەڵات بدرێتە حکوومەتی ئێستای عێراق بۆ ئەوەی بودجەی ئەمساڵ ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران بکات.

جەمال کۆچەر، ئەندامی لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمی پارتی راگەیاندووە حکوومەتی ئێستا کاربەڕێکەرە و دەسەڵاتی ئەوەی نییە بودجە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران ڕەوانە بکرێت، چونکە بێ هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ. ناتوانن بودجە ڕەوانە بکەن. باسی لەوەشکردووە ئەوانەی ئەو داواکارییەیان کردووە سوننە و شیعەن. فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش بڵاوی کردووەتەوە کە لە هەوڵدان بۆ ئەوەی دەسەڵات بە حکوومەتی ئێستا بدات، بۆ ئەوەی پرۆژەیاسای بودجە ڕەوانەی ئەنجوومەن بکەن.

پەرلەمانتارێکی سەدرییەکان بۆ «خەبات»:

بۆ دەستنیشانکردنی سەرەک وەزیرانی نوێ تەنازولمان لە ئیستیحقاقی ئینتخابی کردووە



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات سەباح ئەلعەگیلی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە کوتلەی سائیروونی سەر بە موقتەدا سەدر تەئکید لەسەر سوربوونی ڕەوتەکەیان بە گۆڕینی عادل عەبدولمەهدی دەکاتەوە و دەڵێ ئێمە تەنازولمان لە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی خۆمان کردووە لەپێناو بەدیهێنانی خواستەکانی شەقامی ڕاپەڕیوی عێراق و ئەرکی دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراقمان بە سەرۆک کۆمار سپاردووە.

سەباح ئەلعەگیلی پەرلەمانتارەکەی سائیروونی سەر بە موقتەدا سەدر ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە باس لە ڕێککەوتنی موقتەدا سەدر و هادی عامری بە نێوەندگیری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەرلەنوێ ڕاسپاردنەوەی یان هێشتنەوەی عادل عەبدولمەهدی لەپۆستی سەرەک وەزیران و ئەم کابینەیەی ئێستای حکوومەتی عێراق و گوتی: ئەم کابینەیەی حکوومەت نەیتوانیوە خواستەکانی شەقامی خۆپیشاندەر جێبەجێ بکات و کوتلەی سائیروون دەنگ بە ڕاسپاردنەوەی عادل عەبدولمەهدی یان بەردەوامبوونی لە پۆستی سەرەک وەزیرانی عێراق نادات و ئێستا ئەرکی سەرۆک کۆماری عێراقە بەئەرکی خۆی هەڵسێ بەدەستنیشانکردنی کەسێک بۆ شوێنی عادل عەبدولمەهدی، چونکە ئێمەی پەرلەمانتارانی عێراق بەرازیبوونمان بەقبوڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەی کابینەی عادل عەبدولمەهدی، تەنازولمان لە ئیستیحقاقی ئینتیخابی خۆمان کردووە بۆ ئەوەی داواکاری جەماوەری عێراق جێبەجێ بکرێ، ئەوە جگە لەوەی هەر لەسەرەتاوە ئێمەی کوتلەی گەورەی بڕاوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق تەنازولمان لەمافی پێشکەشکردنی کاندیدی خۆمان کرد لەپێناو تەوافوق و یەکڕیزی نیشتمانی.

ئەمەریکا هەڕەشەی لاوازکردنی ئابووریی عێراق دەکات

ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت بڵاویکردەوە، ئەگەر بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بەهۆی کوژرانی فەرماندەی فەیلەقی قودس، قاسم سولەیمانی جێبەجێ بکرێت.

بەگوتەی ئەو بەرپرسانەی عێراق ئەگەر وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئەو هەنگاوە بنێت ئەوا زیان بە دارایی و ئابووری عێراق دەگات، چونکە هەرچی داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراقە دەچێتە ناو بانکی فیدرالی لە نیویۆرک، تەنانەت پارە بۆ پێدانی مووچە و گرێبەستە گشتییەکان لەو بانکە ڕادەکێشێت.

ڕۆژی دووشەمەی هەفتەی ڕابردوو سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ هەڕەشەی لاوازکردنی ئابووریی عێراق دەکات ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بەهۆی کوژرانی فەرماندەی فەیلەقی قودس، قاسم سولەیمانی جێبەجێ بکرێت. هەروەها ڕەخنەی لە ئێران گرت و گوتی: ئێران ئەو کەسەیە کە ڕێگری لە داعش دەکات و ئێران ئەو کەسەیە کە ڕێگری لە ڕووخانی حکوومەتی عێراق دەکات.

ئەمەریکا ئەو ڕاستییە دەشارێتەوە کە ئێران هاوکاری سەرەکی عێراقە لە شەڕی دژ بە داعش و ئەو هێزانەی کە ئێران ڕاهێنان و چەکداری کردوون، بەشێکیان بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیان کردووە و ئێستا بەشێکیان لە حکوومەتی عێراقدا بەشدارن.

پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر ناچارکردنی حکوومەت بە کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەدات



دوێنێ یەکشەممە ئەندامانی پەرلەمانی عێراق دەنگیان بە بڕیاری ناچارکردنی حکوومەتی عێراق بە کردنە دەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکە دا. میدیاکانی عێراق بڵاویان کردەوە لە میانی کۆبوونەوەی دوێنێی پەرلەمانی عێراقدا، ئەندامانی پەرلەمانی دەنگیان بە بڕیارێک دا کە حکوومەتی وڵاتەکە ناچار دەکات کۆتایی بە ڕێککەوتنامەیەکی ساڵی 2016 بهێنێت، کە تیایدا هاتووە عێراق ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی شەڕی دژە تیرۆری داعشە و بە هیچ شێوەیەک لە ڕێککەوتننامەکەدا نەهاتووە کە هێزی ئەمەریکی یان بیانی لە وڵاتەکە بکرێنە دەرەوە. هەر دوێنێش وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند کە سکاڵایەکی پێشکەشی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کردووە لە دژی هێرشەکانی ئەم دواییەی هێزەکانی ئەمەریکا لەسەر خاکی عێراق. جێی باسە دوێنێ یەکشەممە پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوەیەکی ئاساییی بە سەرۆکایەتی محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان بەست، تیایدا168 پەرلەمانتار ئامادە بوون.



گردبوونەوەی ناڕەزایی لە زانکۆکانی ئێران بەردەوامە

لە دووەم ڕۆژی خۆپیشاندان و گردبوونەوە ناڕەزاییەکان لە ئێران، دوێنێ یەکشەممە دیسان لە چەند زانکۆیەکی تاران خوێندکاران دەستیان کردەوە بە خۆپیشاندان و ناڕەزایی و لەدژی حکوومەت دروشمیان گوتەوە. بەپێی ئەو گرتە ڤیدیۆ و وێنانەی کەلە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بڵاو کراونەتەوە، دوێنێ لە زانکۆکانی "تاران، پیشەزایی شەریف و بەهەشتی" خوێندکاران لە ناڕەزایی بە خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکرانییەکە لەلایەن سوپای پاسدارانەوە، لەناو زانکۆکان دەستیان کرد بە خۆپیشاندان.

خوێندکاران لە تاران هاوکات هاتوونەتە سەر چەند شەقامێکی تاران و وێرای ئیدانەکردنی سیاسەتەکانی حکوومەتی ئێران دروشمی تونديان گوتەوە و هاوکات داوایان لە خەڵک کردووە پشتگیریان بکەن و تێکەڵ بە خۆپیشاندانەکان بن و نەترسن.

زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە لە تاران و شارە گەورەکانی دیکەی وەک تاران، ئیسفەهان، تەورێز، مەشهەد و شیراز، هێزێکی زۆری مەنی شەقامەکانیان تەنیوە و ڕێوشوێنێکی توندی ئەمنی گیراوەتە بەر و بەپێی زانیاریی تۆڕی میدیایی (بیبیسی) لە تاران تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵک و هێزە ئەمنییەکان ڕووی داوە و چەند کەس دەستگیر کراون.

بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەمەی هەفتەی ڕابردوو فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ئۆکرانیا کەلە فڕۆکەخانەی ئیمام خومەینی لە تاران هەستابوو، لەلایەن سیستەمی بەرگریی سوپای پاسدارانەوە خرایە خوارەوە و تێیدا نزیکەی 180 کەس کوژران کە لەناویدا هاووڵاتیانی ئێرانی، کەنەدی، ئۆکرانیا، ئەڵمانی، ئەفغانی بوون.

خستنەخوارەوەی ئەو فڕۆکە مەدەنییە کە سەرەتا بەرپرسانی ئێرانی هۆکارەکەیان بە گرفتی تەکنیکی ڕاگەیاندبوو، لە ئاستی ناوخۆی و ناوچە و جیهاندا کاردانەوەی زۆری لێ کەوتەوە و هاوکات لە ناوخۆی ئێران بووەتە قەیرانێکی دیکە بۆ ئەو وڵاتە.

ئەو ڕووداوە بۆ حکوومەتی ئێران بووەتە قەیرانێکی ناوخۆیی و ناڕەزایی بەربڵاوی لێ کەوتووەتەوە و لە ئاستی چین و تۆڕەکاندا کاردانەوەی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و چەندان هونەرمەندی ناسراو و ئەکتەر هاتوونەتە ڕیزی خەڵکی نارازی و بەشداریی پرسە و سەرەخۆشیی قوربانییەکانیان کردووە چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی شاری تارانیش دەستیان لەکار کێشاوەتەوە.



دۆنالد ترەمپ پشتیوانیی خۆی بۆ خۆپیشاندەرانی ئێران دەردەبڕێت

لە تارانی پایتەختی ئێران ڕێورەسمی دەربڕینی هاوخەمی بۆ قوربانییانی فڕۆکە ئۆکراینییەکە گۆڕا بۆ خۆپیشاندانی دژبە حکوومەت. لەو بارەیەوە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی "هەر لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتمەوە پشتیوانی گەلی چاونەترس و ستەمدیدەی ئێران بووم و کابینەی حکوومەتەکەشم بەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنتان. لە نزیکەوە چاودێری خۆپیشاندانەکانتان دەکەین و ئیلهام لە ئازایەتیتان وەردەگرین". سەرۆکی ئەمەریکا لە تویتی دووەمیدا، بانگەوازێکی ئاراستەی حکوومەتی تاران کردووە و داوای لێکردووە ڕێگە بدات گرووپەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ ڕوومالّ و چاودێری خۆپیشاندانەکانی گەلی ئێران بکەن.

هۆشداری لەوەیشداوە کە تووندوتیژی لەگەڵ خۆپیشاندەران کە بەشێوەیەکی ناشتیانە هاتوونەتە سەر شەقام ئەنجام نەدرێت و هێڵی ئینتەرنێتیش نەوەستێندرێت چونکە جیهان لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشەکە دەکات. دواتر سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ هەردوو پەیامەکەی بە زمانی فارسیش بڵاوکردەوە.

جێی باسە ڕۆژی هەشتی ئەم مانگە فڕۆکەیەکی ئۆکراینا لە تاران کەوتەخوارەوە و سەرجەم سەرنشینەکانی کە ژمارەیان 176 کەس بوو گیانیان لەدەستدا. ڕۆژی شەممەش لەبەردەم زانکۆی ئەمیر کەبیر لە تاران ڕێورەسمێکی تایبەت بە دەربڕینی هاوخەمی بۆ قوربانییانی ڕووداوەکە ڕێکخرا و بەهۆی گوتنەوەی دروشمەوە گۆڕا بۆ خۆپیشاندانی دژبە حکوومەت. هێزەکانی پۆلیسی تایبەت بڵاوەیان بە خۆپیشاندەران کرد و سەرجەم ڕێگاکانی سەر خۆپیشاندانەکەشیان بەڕووی هاتوچۆدا داخست، بەمشێوەیە ڕێگرییان لە بەشداریکردنی خەڵکی زیاتر و گەورەبوونی شەپۆلی

پڕۆژەیاسای ماددەهۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان پەسندکرا



لە بەشی یەکەمی دانیشتنی دوێنێیدا پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەیاسای مادەهۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکانی و پڕۆژەبڕیاری رۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمانی پەسندکرد.

سەعات 11ی پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەمە 2020/1/12 بەسەرۆکایەتیی د.ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئامادەبوونی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و مونا نەبی قەهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (13)ی ئاساییی خولی پایزە لە سالّی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو.

سەرەتای دانیشتنەکە کە بەئامادەبوونی د.ڤالا فەرید ئیبراهیم وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بەڕێوەچوو، د.ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەناوی خواو گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی کردەوە، پاشان لەلایەن مونا نەبی قەهوچی سکرتێری پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتنەکە خوێندرایەوە کە لە سێ خاڵ پێکهاتبوو خاڵی یەکەم بڕیتی بوو لە دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاسای (ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق بەپێی حوکمی مادەکانی (90، 91، 92، 96، 97) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، خاڵی دووەمیش بڕیتی بوو لە دەنگدان لەسەر پێشنیازەبڕیاری (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان) بەپێی حوکمی مادەکانی (90، 91 ، 92، 97،96) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، خاڵی سێیەم و کۆتایی بەرنامەی کاریش بڕیتی بوو لە خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژەیاسای (چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) بەپێی حوکمی مادەکانی (87، 88 ، 89، 92) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق. دوای تەواوبوونی دەنگدان لەسەر مادەو بڕگەکانی پڕۆژەیاساکەو خشتەی هاوپێچ، لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە کۆی پڕۆژەیاساکە بەهۆکارەکانی دەرچوواندنیشیەوە خرایە دەنگدانەوەو بە دەنگی88 پەرلەمانتار پەسندکرا.

جێی ئاماژەیە مەبەست لە دەرچووانی ئەو پڕۆژەیاسایە بەلەبەرچاوگرتنی پەسەندکردن و ئەندامبوونی کۆماری عێراق لە چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بەمادەی هۆشبەرو کارتێکارە عەقڵییەکان بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی بڵاوبوونەوەی بازرگانیکردنی نارەوا بەمادەهۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان و لەپێناو لەناوبردنی باندەکانی تاوانکاری، ئەوانەی هانی هاوواڵاتیان دەدەن بۆ بەکارهێنانی ئەم مادانە کە هەڕەشەیەکی ترسناکە لەسەر تەندروستیی مرۆڤ و خۆشگوزرانیان و زیان دەگەیەنێت بەبنەماکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕەوشت لەناو کۆمەڵگەداو بەمەبەستی پەیڕەوکردنی ڕێسای زانستییانە لەچارەسەرکردنی ئەو کەسانەی ئاڵودەی مادەهۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکانن و بۆ پتەوکردنی هاوکاریی نێودەوڵەتی لەم بوارەو بەمەبەستی ڕێگەنەدان بەچاندنی مادەهۆشبەرەکان یان ئەو ڕووەکانەی کارتێکاری عەقڵییان لێدەردەهێنرێت یان سنووردارکردنیان وەک ئافاتێکی مەترسیدار کە هەڕەشە لە قەوارەی کۆمەڵگە دەکات و داناین سزای پێشگر بۆ ئەو کەسانەی دەیانچێنن یان بازرگانییان پێوە دەکەن.



ئێران ئیدانەی سزاکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا دەکات

عەباس موسەوی: ئەمەریکییەکان بەردەوام سیاسەتی تاکلایەنە پەیڕەو دەکەن

ئێران ڕایگەیاند کە سەپاندنی سزای دیکە بەسەریدا لە لایەن ئەمەریکاوە ئیدانە دەکات. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاندبوو، سزای دیکەی بەسەر ئێراندا سەپاندووە، ئەوەیش بەهۆی ئەو هێرشە مووشەکییەی کە بۆسەر بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراق ئەنجامیداوە.

لەوبارەوە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی ئەوەشی گوتووە: ئەمەریکا بەو هەوڵە نایاساییە هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست ناهێنێت و لە کۆتاییدا ڕاستییەکان دەبینێت و دان بە دواییەی ئەمەریکا دەکات کە بەسەر ژمارەیەک کۆمپانیا و کارەدەستانی ئێراندا سەپێندراوە". عەباس موسەوی ئاماژەی بەوەکردووە کە سزاکان سەرپێچی بڕیاری ژمارە 2231ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە و گوتی: بەداخەوە ئەمەریکییەکان بەردەوام سیاسەتی تاکلایەنە پەیڕەو دەکەن.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی ئەوەشی گوتووە: ئەمەریکا بەو هەوڵە نایاساییە هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست ناهێنێت و لە کۆتاییدا ڕاستییەکان دەبینێت و دان بە شکستهێنانی دەنێت. جێی باسە ڕۆژی هەینی ڕابردوو وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا، ستیڤن منوچن لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاندبوو کە 17 سزای دیکەیان بەسەر کەرتە سەرەکییەکانی کانزاکاری، کۆمپانیا و کەشتییەکی کواستنەوەی کەرستە و ئامرازەکان، هەروەها هەشت بەرپرسی پلە بالآی ئێرانیدا سەپاندووە.

ستیڤن منوچن ئاماژەی بەوەیشکردبوو سزاکان بەسەر ئەو بەرپرسانەی ئێراندا سەپێندراون کە لە هێرشە مووشەکییەکەی سەر بنکە کانی سوپای ئەمەریکا لە عێراق تێوەگلاون.

عێراق.. بریندارببوونی 59 کەس لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان لە واست



لە ئاکامی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان لە پارێزگای واست باشووری عێراق،59 کەس بریندارببوون. سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی واست ڕایگەیاند، نەخۆشخانەکانی شاری کوت ناوەندی پارێزگای واست پێشوازیی لە 59 بریندار کردووە کە لەو ژمارەیە48 یان لە هێزە ئەمنییەکان و ئەوانەی دیکە لە خۆپیشاندەرانن. بە گوتەی سەرچاوەکە، بریندارەکان سووک بوون.

لە لای خۆیەوە سەرچاوەیەکی ئەمنیی لە پۆلیسی واست ڕایگەیاند، ڕووبەڕووبوونەوەکە لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە بەردەم زانکۆی واست لە شاری کوت ڕوویداوە.

فەرمانبەران دەکرد بۆ چوونیان بۆ دەوامی ئاسایی خۆیان. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە خۆپیشاندەران ئاگریان لە دەروازەی زانکۆکە کردووە، ئەمەش وایکرد هێزەکانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان گازی فرمێسکڕێژ بەکاربهێنن. شایانی باسە بەپێی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، 14 ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی خۆپیشاندانەکان لە لایەن چەکدارانی نەناسراوەوە کوژراون.

تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، 502 کەس کوژراون و زیاتر لە 17 هەزار کەسی دیکە لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندارببوون.

ئێران.. دەستگیرکردن و ئازادکردنی باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا:

دەستگیرکردنی باڵیۆزی وڵاتەکەمان پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتییە



دوای ئەوەی دەنگۆی دەستگیرکردنی باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران لەمیانی خۆپیشاندانەکاندا لە میدیاکاندا بڵاوکرایەوە، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، دۆمینیک راب ڕایگەیاند، ڕوونە کە ئەو کارە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتییە. کەناڵیSky News بڵاویکردەوە کە دۆمینیک راب لە لێدوانێکدا سەبارەت بە دەستگیردنی باڵیۆزی وڵاتەکەی لە تاران گوتوویەتی "دەستگیرکردنی باڵیۆزی وڵاتەکەمان لە تاران بەبێ هیچ هۆکارێک، ڕوونە کە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتییە". پێشتریش دەستلەکاربکێشنەوە"، و "بە من مەڵێ ئاژاوەگێڕ، خۆت ئاژاوەگێڕیت"یان دەگوتەوە. دواتر هێزی چالاکییە تایبەتەکان بەڕەنگاری خۆپیشاندەران بوونەوە و ئەو ڕێگایانەیان بەڕووی هاتوچۆدا داخست کە دەچووە شوێنی خۆپیشاندانەکان و ڕێگایان بە هاوواڵاتییانی دیکە نەدا بچنە ئەو ناوچەیە.

جێی باسە لە هەشتی ئەم مانگە فڕۆکەیەکی سەربە هێڵی ئاسمانی ئۆکراینا لە جۆری Boeing 737 کە لە فڕۆکەخانەی ئیمام خومەینی تارانەوە بەڕەو کییڤ-ی پایتەختی ئۆکراینا گەشتی دەکرد، دوای ماوەیەکی کەم لە فڕینی کەوتەخوارەوە. دوای ڕووداوەکەش گوتەبێژی وەزارەتی گواستنەوەی ئێران، قاسم بینیاز ڕایگەیاندبوو کە سەرجەم 176 سەرنشینەکەی ناو فڕۆکەکەی سەربە هێڵی ئاسمانی ئۆکراینا کە لە نزیک تارانی پایتەخت کەوتەخوارەوە، گیانیان لەدەستداوە. ڕۆژی شەممەی ڕابردووش سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئێران ڕایگەیاندبوو، سیستەمی بەرگریی ئاسمانی وڵاتەکەی بەهەڵە فڕۆکە ئۆکراینییەکەی لەمیانی تێپەڕبوونی بە ئاسمانی ناوچەیەکی سەربازیی، خستووەتە خوارەوە.

میدیاکانی بەریتانیا بڵاویان کردبوویەوە کە باڵیۆزی وڵاتەکەیان لە تاران بەهۆی وێنەگرتنی خۆپیشاندانەکانەوە لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە دەستگیرکراوە و دواتر ئازادکراوە.

ڕۆژی شەممە لەو ڕێورەسمەی کە لەبەردەم زانکۆی ئەمیر کەبیر لە تاران بۆ ئەو قوربانییانەی فڕۆکە ئۆکرانییەکە کە ئێران خستبوویە خوارەوە، سازکرابوو، بووە خۆپیشاندان و دروشمی دژبە ڕژێمی ئێرانی تیایدا گوترایەوە. خۆپیشاندەران دروشمی "سوپای پاسداران شەرم بتانگرێت، وڵات جێبهێڵن"، "درۆزنان

عێراق .. باڵیۆزخانەی ئەمەریکا داوا دەکات گیانی ڕۆژنامەنووسان پارێزراوبێت

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا ئیدانەی کوژرانی دوو ڕۆژنامەنووسی عێراقی کرد کە ئێوارەی ڕۆژی هەینی لە پارێزگای بەسرە باشووری عێراق لە لایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە کوژران، هاوکات داوای لە حکوومەتی عێراق کرد پارێزگاری لە گیانی ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان بکات.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی هەریەک لە پەیامنێری کەناڵی دیجلە، ئەحمەد عەبدولسەمەد و وێنەگرەکەی، سەفا غالبی لە لایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە لە پارێزگای بەسرە کوژران. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لەوبارەیەوە لەلایەن باڵیۆزخانەی ئەمەریکاوە بڵاوکراوەتەوە، هاتووە: ئیدانەی کوژرانی پەیامنێری کەناڵی دیجلە، ئەحمەد عەبدولسەمەد و وێنەگرەکەی، سەفا غالبی دەکەین.

کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوو بڵاویکردەوە، لە میانی خۆپیشاندانەکانی بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، 14 ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی خۆپیشاندانەکان لە لایەن چەکدارانی نەناسراوەوە کوژراون.

لە ڕاگەیەنراوەکەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکادا ئاماژە بەوەدراوە کە کوشتن، ڕفاندن و ئازاردانی ڕۆژنامەنووس، ڕاگەیاندنکاران، چالاکوانان و ئەوانەی لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە پشتیوانیی چاکسازیی دەکەن لە لایەن گرووپی چەکدارییەوە، ناکرێت بەبێ لێپچینەوە و سزادانی ئەنجامدەرانی، بەردەوامبن.

تا ئێستا چەندین جار حکوومەت بەڵێنی داوە بەدوای ئەنجامدەرانی کوشتن و ڕفاندن و ئازاردانی ڕۆژنامەنووس و چالاکوانانی خۆپیشاندانەکانەوە بێت و دەستگیریان بکات، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێک لەمبارەیەوە ڕانەگەیەنراوە. چالاکوانان، گرووپە چەکدارییەکانی نزیک لە ئێران بەوە تۆمەتباردەکەن کە لە پشت ئەنجامدانی ئەو کارانەوە بن، لە بەرامبەریشدا ئەو گرووپانە ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکەنەوە.

هەولێر.. بەسەرکردنەوەی نەخۆشخانەی رزگاری



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

ڕێکەوتی 12/1/2020، د.دلۆڤان محمد بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر سەردانی نەخۆشخانەی رزگاری کرد و بەشەکانی نەخۆشخانەکەی بەسەرکردەوە و لەلایەن بەڕێوەبەر و ستافی کارگێری نەخۆشخانە پێشوازی لێکراو پاشان سەردانی بەشەکانی نەخۆشخانەیان کرد و لە نزیکەوە لەگەڵ پزیشکان و کارمەندان گفتوگۆیان کرد بۆ ئاشنابوون بەکار و چالاکییەکانی نەخۆشخانەکە.

بەرپرسی لقی 16 ژمارەیەک لە هاونیشتیمانیانی سنوورەکەی بەسەرکردەوە



لە دێڕەی دیدار و بەسەرکردنەوەی چین و تۆڕە جیاجیاکانی سنووری لقی16 بەئامانجی ئاگادارکردنەوە لە کێشە و گرفتەکانی هاوڵاتیانی سنوورەکە و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ تەواوی ئەو گرفتانەی کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم خۆشگوزەرانی زیاتری هاوڵاتیانی سنوورەکە، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری ژمارەیەک لە کارگێڕانی لق سەردانی هەرێمەکە لە شەعبان عەلی شەعبان و کۆچک عەزیز بێستانەیی کرد. لەمیانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لق وێڕای هەواڵپرسین لەبارەی تەندروستی و ژیان و گوزەرانی ئەو هاونیشتیمانیانە بەوردی لەکێشە و گیروگرفت و پێداویستییەکانی هاوڵاتیانی سنوورەکەی کۆڵییەوە بەتایبەتی ئەو کار و پڕۆژانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوە هەیە بۆ ئەوەی لەڕێگای دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان و جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بدرێت تا لەڕێگایانەوە باشترین خزمەتگوزاری بۆ تەواوی هاوڵاتیانی سنوورەکە دەستەبەر بکرێت.

پارێزگاری هەولێر قوتابخانەی سانای بنەڕەتی تێکەڵاوی کردەوە



خەبات ـ سەید فاتیح

د. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بە یاوەری هێمن قادر و تاهیر عەبدوڵا جێگرانی پارێزگار و بەڕێوەبەری پەروەردەی دەوروبەر و مامۆستایان و سەرپەشتیارانی پڕۆژەکە، قوتابخانەی سانای بنەڕەتی تێکەڵاوی لە سانا سیتی کردەوە. ئەم قوتابخانەیە لەسەر ئەرکی کۆمپانیای سانا بۆ وەبەرهێنان و نیشتەجێکردن بە بڕی یەک ملیۆن دۆلار لەسەر ڕووبەری زیاتر لە 4 هەزار مەتر دووجا دروستکراوە بۆ قوتابیانی نیشتەجێ بووی شاری سانا سیتی و دەوروبەری. د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر لەلایەن خۆیەوە دەست خۆشی لە تیمی جێبەجێکار و خاوەنی پڕۆژەی سانا سیتی کرد کە قوتابخانەیەکی وەهایان بە کوالێتییەکی بەرز و ئەندازەیەکی جوان بونیات ناوە.

زەوییە کارتەکان دەکرێنە سەنەد

خەبات ـ فاتیح

ئەو زەوییە کارتانەی بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشکراون وەزارەتی شارەوانی بڕیاریداوە سەرجەمیان بکاتە سەنەد، لە 95 هەزار زەوی کارتی هەولێر 60 هەزاریان کراوەتە سەنەد و هاوڵاتیان دەتوانن خانووی لەسەر بنیاد بنێن، لەدوای گۆڕینی ئەو زەویانە لە کارتەوە بۆ سەنەد جۆلەیەکی باش دەکەوێتە بازاڕ و دەرفەتی هەلی کاریش دروست دەبێت، ئەوانەی لە کەرتی خانووبەرە کار دەکەن ئامارژە بۆ ئەوە دەکەن کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر نرخی ئەو زەویانە دروست دەبێت و بەهۆی تاپۆ کردنیشی داهاتێکی باش بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە.

کارکردن لە 11 بەندەوە تەواونەکراو دەستپێدەکاتەوە

کارکردن لە 11 بەندەوا دەست پێ دەکاتەوە کە بەهۆی قەیرانی دارایی‌یەوە کارکردن تێیاندا وەستابو. یەکێک لەو بەندانەوە بەندەوای باوەنوورە لەنێوان کەلار و دەربەندیخاندا کە لەسەر ڕووباری سیروان لەلایەن کۆمپانیایەکی نێوخۆیی و بیانییەوە دروست دەکرێت. پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا 11 بەندەوای بچووک و مام ناوەند لە هەرێمی کوردستان تەواو بکات کە ماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی قەیرانی دارایی‌یەوە کارکردن تێیاندا وەستاوە. ئەکرم ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەندەوەکانی هەرێمی کوردستان وتی: ئێمە ماستەرپلانێکی بەندەوەکانمان هەیە کە خۆی لە دروستکردنی 249 بەندەوادا دەبینێتەوە. 18بەندەوایان گەورەن، 17یان تەواوبوونە و بە هیواین ساڵی داهاتوو ئەو 11یەی دیکە تەواوبن. دیزاینی زیاتر لە 30 بەندەو تەواوبووە. چواریان لە بواری جێبەجێکردندان کە باوەنوور یەکێکیانە. شایانی باسە هەزار و 800 ڕۆژ بۆ تەواوکردنی بەندەوای باوەنوور دانراوە و هەردوو کۆمپانیاکەش لە بەندەوەکەدا سەرقاڵی کارکردنن.

سۆران.. ڕێژەی هاتنی گەشتیاری زستانە بۆ دەڤەرەکە زیادی کردووە



بەهۆی سروشت و هەڵکەوتەی سنوورەکە و بارینی بەفر لە ناوچە شاخاوییەکانی دەڤەری سۆران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی هاتنی گەشتیاری زستانە لە زیادبووندایە، بەتایبەتیش لەکاتی پشوو و بۆنەکاندا.

بارزان محەمەد بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران لەمبارەوە ڕایگەیاند: هەندێ ڕۆژ زیاتر لە 7 هەزار گەشتیار ڕوو لە ناوچە گەشتیارییەکانی دەڤەرەکەمان دەکەن، بەتایبەتیش لەکاتی پشوو و بۆنەکاندا، زۆربەشیان گەشتیاری شار و شارۆچکە و ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقن. دەڤەری سۆران سنووری هەر چوار قەزاکانی سۆران، چۆمان، ڕواندز و مێرگەسۆر لەخۆ دەگرێت، چەند پڕۆژەیەکی گەشتیاریش لەو سنوورانە دروست کراون، بەتایبەتی لە سنووری شارۆچکەی ڕواندز، ئەوەش وای کردووە ئاسانکاری زیاتر بۆ گەشتیاران دروست بێت و زیاتر ڕوو لە ناوچەکە بکەن.

دیالە..ڕووداوێکی هاتوچۆ گیان لەدەستدانی پێنج کەسی لێکەوتەوە

لەو بارەیەوە زەنوون عەبدولکەریم وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی شاری خورماتوو، ڕایگەیاند: دوێنێ یەکشەمە 12/ 1/ 2020لەڕێگەی عوزێم کە بە ڕێگەی نێوان کەرکووک ـ دیالە ناسراوە، دوو ئۆتۆمبێل لە جۆرەکانی بارهەڵگر و قەمەرەی بچووک پێکیان داداوە. وتیشی: بەهۆی ئەو ڕووداوەوە 5 کەس گیانیان لەدەست داوە و 3 کەسیش بریندار بوون، کە لەنێو قەمەرەکەدا بوون. ئەو بەرپرسەی هاتوچۆ ڕوونی کردەوە، یەک سایدی ڕێگەکە و تیژڕەوی شۆفێران هۆکاری ڕووداوەکانی هاتوچۆن لەو ڕێگایەدا.

هەولێر.. چەندین دەرمانی جوانکاریی دەستیان بەسەردا گیرا





بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵکردنی هێنان و دروست کردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی لە کوردستان، لێژنەی چاودێری بازاڕ بە هاوکاری ئاسایشی هەولێر و هێزەی ئابووری و پۆلیسی شارەوانی سەر بە قایمقامیەتی هەولێر، لە هەڵمەتێک بۆ سەر ئەو کەسانەی لە ڕێگەی ئۆنلاین دەرمانی ڕێگەپێنەدراو و قاچاخ دەفرۆشن دوو دوکان داخران. ئەو دوو دوکانە کە دەکەونە گەڕەکی عاردی مەلایان و پێداویستی جوانکاری ئافرەتانیان دەفرۆشت و پاشان دەرمانێکی زۆری قەدەغەکراو دەستی بەسەردا گیرا.

هەولێر.. قیرتاوکردنی شەقامی 150 مەتری دەستی پێکرد



ئەندازیار سەرتیپ سابیر، سەرپەرشتیاری ئەندازیاریی پڕۆژەی شەقامی 150 مەتریی هەولێر بە ڕایگەیاند: قیرتاوی شەقامی 150 مەتری دەستی پێکرد، دوای یەک چین قیرتاوکردن، چینی دووەم و سێیەمیش دەکرێت. گوتیشی: کۆتایی ئەم ساڵ بەشی یەکەمی پڕۆژەکە دەکرێتەوە، کە ڕێگای شەقڵاوە ـ بەحرکەی پێ دەڵێن. ئەوەشی خستە ڕوو، 50%ی بەشی یەکەمی پڕۆژەکە تەواو بووە و دوای قیرتاوکردن، کار لە جوانکاری و ئاو و ئاوەڕۆ دەکرێت.

سەرۆکاتیا باژێڕڤانیا دهوکێ 89 پڕۆژێن جوراوجور ل سالا 2019 ئەنجام داینە

خەبات ـ دهوک

بەرپرسێ هویا ڕاگەهاندنێ ل سەروکاتیا باژێرڤانیا دهوکێ اسماعیل مستەفا دکونگرەکێ ڕوژنامەڤانیدا دیارکر کو سەروکاتیا باژێرڤانیا دهوکێ ل سالا 2019ێ ب کۆژمێ پتر ژ 76 ملیار و 606 ملیون دینارا 89 پڕۆژێن خزمەتکاریێن جوراوجور ئەنجام داینە، وەکو چێکرن و سەخبێرکرنا جادا و ڤەکرن و پاقژکرنا ئاف ڕێژا و دانانا دیوارێن پالپشت و دانانا تورێن ئاڤدانێ و دانانا شتایگەری و چێکرنا 5 باخچێن گشتی و چاندنا ب سەدان داران و هزاران جورێن گولا و ڕاکرنا 658.170 تەنێن بەرمایک و گلێشی و چەند خزمەتکاریێن دی. ل دور زێدەگاڤیا گوت: 35 ژورێن ب زێدەگاڤی هاتینە ئاڤاکرن هاتینە خرابکرن دگەل ڕاکرنا 70 کەپرا و 117 پەژانا و دەستەسەرکرنا 82 ترومبێلا و خرابکرنا 105 باخچە و بیستانا کو ب زێدەگاڤی هاتبونە دورستکرن. سەبارەت ب دەستوریێن ئاڤاکرنێ بەرپرسێ هویا ڕاگەهاندنێ گوت: 1296 دەستوریێن ئاڤاکرنا خانیا و جهێن بازرگانی و پیشەسازی و خزمەتکاری و جورا و جور هاتینە دان، داهاتێ سەروکاتیا باژێرڤانیا دهوکێ ل سالا 2019 شەش ملیار و هەشتێ وئێک ملیون و سێ سەد و دوازدە هزار دیناربوون و خەرجییێن وێ 7ملیار و 770ملیون دیناربون.

باعەدرێ.. پڕۆژێ ئۆقەر پاسا 90% کار ل سەر دوماهیک هاتیە

خەبات ـ ئالان شەهاب

شەمالێ محەمەد ئەدیب ڕێڤەبەرێ ناحیا باعەدرێ ڕاگەهاند: پڕۆژێ ستراتیجی یێ ئۆقەر پاسا باعەدرێ 90% کار ل سەر دوماهیک هاتیە گەهشتیە قوناغێن قیرکرنێ دا، بەڵێندەرێ ئەم ئاگەهدار کرینە کو ل ڤان نێزیکان ئەو ڕێژا مای یا کاری دێ ب دوماهیک هێت. ناڤهاتی خویاکر پڕۆژێ ئۆقەرپاسا باعەدرێ ب درێژاهیا ئێک کیلومەتر دووسەد مەترایە بکۆژمێ ئێک ملیارۆ شەش سەد ملیون دینارا هاتیە دروست کرن ، و پڕۆژێ ئۆقەر پاسا باعەدرێ ئێک ژوان پڕۆژێن هەرە گرنگە ل سەر ڕێکا سەرەکیا دهوک – هەولێر سالانە ژمارەکا مەزن یا ڕوویدانا لقی جهێ ئۆقەر پاسێ لێ دروست دبیت بۆ پشتی دوماهیک هاتنا پڕۆژەی ڕویدان و قەلەبالغی نامینیت ل سەر قێ ڕێکێ.

گەرمیان.. داوادەکرێ بەنزینخانە نایاساییەکان دابخرێن

خەبات ـ سەبریە یوسف:

ڕێکخراوێکی ژینگەپارێز لەدەڤەری گەرمیان لەڕێگەی یاداشتێکەوە داوا لە بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان دەکات هاوشێوەی پارێزگای سلێمانی بڕیاری قەدەغەکردنی بوونی بەنزینخانەی نایاسایی لەگەرمیان سەربارەی پیسکردنی ژینگەی ناوچەکە هاوکات بوونەتە مەترسی لەسەر ڕێگاوبانەکان، بۆیە بۆ ئەم ساڵ بەپێویستی دەزانین ئەو بەنزینخانانە دابخرێن. سەرباری ئەو داواکاریە یادگار هەنگاو بگیرێتەبەر. ئیبراهیم زەریف سەرۆکی ڕێکخراوەکە ئاشکرای کرد کە ساڵانێکە بوونی ژمارەیەک بەنزینخانەی نایاسایی لەگەرمیان سەرباری پیسکردنی ژینگەی ناوچەکە هاوکات بوونەتە مەترسی لەسەر ڕێگاوبانەکان، بۆیە بۆ ئەم ساڵ بەپێویستی دەزانین ئەو بەنزینخانانە دابخرێن. سەرباری ئەو داواکاریە یادگار فەتاح بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان ئەوەی خستەڕوو کە ئەوان وەک بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان تەنیا دەسەلاتی چاودێری کردنی ئەو بەنزینخانانەیان هەیە نەک داخستنیان. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە لە سنوری ئیدارەی گەرمیان 60 بەنزینخانەی نایاسایی هەیە.

بەهۆی کەمبوونەوەی مریشک لە کێڵگە پەلەوەرییەکان

نرخی مریشکی زیندوو بەرزدەبێتەوە



دوکانداڕێک: هەفتەی ڕابردوو یەک کیلۆ مریشکی زیندوو 2500 - 2800 دینار بوو، بەڵام لەسەرەتای ئەم هەفتەیەوە کیلۆیەک مریشک بۆ 3500 دینار بەرزبوونەتەوە.

خەبات/ عەلی بانیشاری-هەولێر

بەهۆی کەمبوونەوەی مریشک لە کێڵگە پەلەوەرییەکانی باشووری کوردستان نرخی کیلۆیەک مریشکی زیندوو لە بازاڕدا بۆ 3500 دینار بەرزدەبێتەوە. بەرزبوونەوەی نرخی مریشکی زیندوو ناڕەزایی لای هاوڵاتیان دروستکردووە. خاوەن کێڵگەیەکی پەلەوەریش دەڵێ" سالانە و لەم وەرزەدا کێڵگەکان کەمتر مریشک دەخەنە بازاڕەوە، چونکە نەخۆشی بلاودەبێتەوە، ئەوەش وا دەکات نرخی مریشکی زیندوو بەرزبێتەوە". بەپێی ئامارەکانی کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەرییەکانی هەرێمی کوردستان نزیکەی 1500کێڵگەی پەلەوەری لە باشووری کوردستان مولەتیان پێدراوە.

بەرزان دلێر، دوکانی مریشک فرۆشتنی لە شاری هەولێر هەیە و دەڵێ" هەفتەی ڕابردوو یەک کیلۆ مریشکی زیندوو 2500 - 2800 دینار بوو، بەڵام لەسەرەتای ئەم هەفتەیەوە کیلۆیەک مریشک بۆ 3500 دینار بەرزبوونەتەوە". گوتیشی" سالانە و لەم وەرزەدا نرخی مریشک بەرزدەبێتەوە، چونکە خستەڕوو کەم دەبێتەوە و خواست زۆر دەبێت". ئەو دەشڵێت" بەرزبوونەوەی نرخی مریشک کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر ڕێژەی فرۆشتنی نابێت، چونکە ئەگەر کەسێک چوار کیلۆیش بکڕێت چەند هەزارێک دەچێتە سەری". ئاماژەی بەوەشدا گۆشتی مریشک بۆ هەندێک خێزان وەکو پێداویستی ڕۆژانەی لێهاتووە.

ئەکرم بەکر، یەکێکی دیکە لە مریشک فرۆشەکانی شاری هەولێر و دەڵێت" لە وەرزی زستان و هاویندا زۆربەی کات نرخ مریشک بەرز دەبێتەوە، چونکە لەو دوو وەرزەدا تێچووی بەخێوکردنی مرشک لە وەرزەکانی دیکە زیاترە و ڕێژەی لەناوچوونیشی زیاترە، بۆیە خاوەن کێڵگەکان مریشک بە گرانتر بە ئێمە دەفرۆشنەوە". گوتیشی" هەر کاتێک مریشک لە کێڵگەکان کەمیکرد یان بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕەوانە کرا ڕاستەوخۆ نرخەکە گران دەبێت".

قەدری عەلی، خاوەن کێڵگەی پەلەوەرییە لە پارێزگای هەولێر، ئەو دەڵێت: بەهۆی بلاوبوونەوەی نەخۆشی نیوکاسڵ کە نەخۆشییەکی پەلەوەرییە لە چەند مانگی ڕابردوودا خاوەن کێڵگەکان نەیانتوانی جوجەڵە داخڵی کێڵگەکانیان بکەن، چونکە بەشێک لە جوجەڵەکان بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە لەناو کێڵگەکان لەناوەدەچن، ئەوەش زیانی مادی لە خاوەن کێڵگەکان دەدات". گوتیشی" کەمبوونەوەی مریشک لە کێڵگەکان نرخی مریشکی زیندووی بەرزکردووەتەوە".

ئەو خاوەن کێڵگەیە باس لە هۆکارێکی دیکەی کەمبوونەوەی مریشک لە بازاڕ دەکات و دەڵێ" لە وەرزی زستاندا تێچووی بەخێوکردنی مریشک زۆرە، بۆیە بەشێک لە خاوەن کێڵگەکان مریشک بەخێو ناکەن و ئەوەشی بەخێوی دەکات ناچارە بە گرانتر لە وەرزەکانی دیکە بیفرۆشێتەوە". بە بۆچوونی قەدری عەلی هۆکاری سێیەم بۆ گرانبوونی نرخی مریشکی زیندوو "چوونی بەرهەمەکانیان بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق".

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ ساڵانە دانیشتووانی باشووری کوردستان پێویستیان بە نزیکەی 150 هەزار تەن گۆشتی مریشکە، بەڵام بەرهەمی کێڵگە پەلەوەرییەکان لەو ڕێژەیە زۆر زیاترە و دەگاتە 250هەزار تەن.

بە دریژایی ساڵی 2019ی ڕابردوو

لە سنووری هەر چوار قەزای سۆران و ڕواندز و مێرگەسۆر و چۆمان (597) ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە ڕوویداوە



خەبات: ڕەنجبەر بەرزنجی - سۆران

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا موقەدەم (بەیار محی الدین) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی سۆران ئاماژەی بەوە دا کە لە ماوەی ساڵی (2019) لە سنووری هەر چوار قەزای سۆران و چۆمان و مێرگەسۆر (643) ڕووداوی جۆراوجۆر تۆمار کراوە کە لەو ژمارەیەدا (597) ڕووداوییان تایبەت بووە بە ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە ,هەروەها هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەرگری شارستانی سۆران ئاماژەی بەوە دا کە بە شێوەیەکی گشتی ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو بە بەراورد بە ساڵی (2018) زیادی کردووە.

(597) ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە

موقەدەم (بەیار محی الدین) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی سۆران لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا ڕایگەیاند، لە ماوەی ساڵی ڕابردوو (579) ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە سنووری هەر چوار قەزای سۆران و ڕواندز و چۆمان ومێرگەسۆر تۆمار کراوە کە لەو ژمارەیەدا (65) ڕووداوییان تایبەت بووە بە ئاگرکردنەوەی مالان کە بەشی زۆرییان بە هۆی شۆرتی کارەبا و بوتلی غازەوە بووە ، هەروەها (95) ڕووداوییان ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەی جۆراوجۆر وەک ئاگرکەوتنەوەی گۆزەوی کارەبا و زبل وخاشاک و ...هتد بووە ,لە لایەکی دیکەوە (45) ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە ئۆتۆمبێل هەبووە کە لەزۆربەی حالەتەکان ڕووداوەکە بە هۆی شۆرتی کارەبایی بزوێنەری ئۆتۆمبێلەکە یانیش فیول پەمپی ئۆتۆمبێلەکەوە بووە و (346) ڕووداویش ڕووداوی سووتانی پوش و پاوان و (27) ڕووداویش ڕووداوی سووتانی ڕەز و باخ بووە.

(11) ڕووداوی خنکان

هەر لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی سۆران ئاماژەوە بەوە دا کە لە ساڵی ڕابردوو (11) ڕووداوی خنکان لە سنوورەکە ڕوویداوە کە خۆی لە خنکانی منداڵێکی (10) ساڵان لە هاوینەهەواری بێخال و منداڵێکی (6) ساڵان لە ڕووباری کاولۆکان و منداڵێکی (4) ساڵان لە ڕووباری سەکران و منداڵێکی (9) ساڵان لە هاوینەهەواری بێخال و ژنێکی (28) ساڵان لە ڕووباری وارەکەون و هەروەها پیاوێکی (50) ساڵان لە چیای دینۆی ناوچەی باڵەکایەتی و پیاوێکی (41) ساڵان لە ڕووباری چامێی قەزای مێرگەسۆر و پیاوێکی (38) ساڵان لە ڕووباری ئێنێیی چۆمان و پیاوێکی (72) ساڵان لە نزیک پردی حافیز و گەنجێکی تەمەن (20) ساڵان لە ڕووباری خەلان و گەنجێکی تەمەن (23) ساڵان لە ڕووباری هاودیانان دەبینێتەوە.

ڕزگارکردنی (26) هاوڵاتی

لە لایەکی دیکەوە موقەدەم (بەیار محی الدین) ئاماژەی بە ڕزگارکردنی (26) هاوڵاتی کرد و ڕایگەیاند: تواناوە (2) هاوڵاتی لەڕووباری گەلی عەلی بەگ و (8) هاوڵاتی لە چیای هەلگۆزد و (7) هاوڵاتی لە چیای کۆزەک و (3) هاوڵاتی لە ڕووباری بلێ ڕزگار بکرێن ئەمە جگە لە ڕزگارکردنی (6) هاوڵاتی لە کاتی بۆردوومانەکاندا. هەروەها هەر لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی سۆران باسی لە ڕووداوی لافاو لە ماوەی ساڵی ڕابردوو و هەڵدێرانی (3) کەس لە گەلی عەلی بەگ و چیای برادۆست و هاوینەهەواری بێخال کرد.


ڕووداوەکان زیادیکردووە

شایانی گوتنە لەبەشێکی دیکەی ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەرگری شارستانی سۆران تیشکی خستە سەر ئەوەی کە بە بەراورد بە ساڵی (2018) ڕووداوەکان لە ساڵی (2019) زیادیکردووە، چونکە هەر لە ساڵی (2018) لە سنووری هەر چوار قەزای سۆران و ڕواندز و چۆمان و مێرگەسۆر (496) ڕووداوی جۆراوجۆر تۆمارکرابوو بەڵام لە ساڵی ڕابردوو ئەو ژمارەیە بۆ (643) ڕووداو بەرز بۆتەوە.

ئازانسی پاراستن و زانیاری
(پاراستن)

با پاراستنی کوردستان ببێتە فەرهەنگی هەموومان

هاونیشتیمانی خۆشەویست
ئامانجەکانت بۆ پاراستنی ئازادی، ئاسایش، سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی ژیان لە کوردستان، ڕێباز و ئامانجی ئێمەیە. بۆ ئەوەی بەشدار بیت لەپاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی و شەڕی دژە تیرۆر، دامەزراوە هەواڵگری و ئەمنییەکان لە هەر بابەتێکی گوماناوی ئاگادار بکەرەوە.



پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی:

بارزانیی نەمر کەسایەتییەکی مەزن و بەهەیبەت و سەربەرز بوو، ئەزموونی سەختی ژیان فێری کردبوو چاونەترس بێ لە دوژمن

دیمانە: زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

پرۆفیسۆر د. عەبدولوەهاب کوڕی کەسایەتیی ئایینی ناسراوی شاری سلێمانی (مەلا عەبدوڵلا چروستانی)یە، کە پەیوەندییەکی دێرینی لەگەڵ بارزانیی نەمر هەبووەو ماوەی چوار ساڵ وانەی ئایینی بە بارزانی گوتووە. دواتریش چەندین جار ئاڵوگۆڕی نامە لەنێوانیاندا هەبووە، بە مەبەستی زانینی زانیاری و مێژووی مستەفا بارزانی و ئەو رۆژگارەی بارزانییەکان شۆڕش و راپەڕینیان کردووەو پاشان راگواستراون، بەتایبەت بۆ سلێمانی و پەیوەندی نێوان (مەلامستەفا بارزانی)و (مەلاعەبدوڵلای چروستانی) سەردانی د. عەبدولوەهاب چروستانی کوڕی (مەلا عەبدوڵلا چروستانی)مان کرد. چروستانییەکان لە دێرینەوە خانەوادەیەکی خوێندەواری ئایینی و زانستیی ناسراو بوون و پێگەیەکی بەرزیان هەبووەو بە رەچەڵەک دەچنەوە سەر پیرخدری شاهۆ، خەڵکی بە چاوی ڕێزەوە لێیان ڕوانیون.

4 و کۆتایی



*** باوکی بەڕێزت جگە لە ناوبانگە ئایینی و مامۆستایەکەی، هەڵبەتە نزیکبوونەوەی لە بارزانی وایکردووە ئەویش کەم یا زۆر تێکەڵ بە کاری نەتەوەیی و دڵسۆزیی گەلەکەی بێت، بەتایبەتی کە مێژوو و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە شۆڕشی گەلەکەمان دیار و لەبەرچاوە؟**

-پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: ماوەیەک مەلاعەبدوڵلا دوای ئەوەی کە باوکی (مەلا عەبدولڕەحیم)ی چروستانی، کە زانای بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووە وەفات ئەکات، کە تەمەنی دوازدە ساڵ بووە، تا ئەو کاتەش باوکی مامۆستای بووە، بۆیە کاتێ باوکی لە سەرەمەرگدا دەبێ، بە باوکی ئەڵێت، باوکە دوای تۆ من چی بکەم؟ باوکی هەردوو چاوی دوا ساتەکانی بینینی پڕ دەبێ لە فرمێسک، دوای ئەوەی باوکی وەفات دەکات، سەر هەڵئەپڕێت و ئەڵێت: خوایە تۆ بۆ من بە، پەیمان بێ منیش بۆ تۆ ئەبم. ئیتر وەک سەرهەڵگرتن دەس ئەکات بە گەڕان، ئەم شار و ئەو شار و ئەم وڵات و ئەو وڵات ئەکات، بۆ بەدەسهێنانی زۆرترین زانیاری، بۆ ماوەی حەوت ساڵ نە ئەو ئاگای لە کەسوکار ئەبێ، نە کەسوکار هیچ هەوالێکیان لەو ئەبێ، هەر بۆیە خۆشەویستیی بۆ زانست و زانیاری هەبووە و هەمو هەوڵێکیشی بۆ گەیاندنی زانستەکانی بوو بە خەڵکی تر.

مەلا عەبدوڵلا لەگەڵ خۆشەویستیی تەواوی بۆ نەتەوەکەی و نیشتمانەکەی، توخنی سیاسەت نەکەوتووە، هەندێک جار گلەیی ئەوەشی ئەکرد، کە ناکۆکی و بێگانەپەرستی ڕێگرە لەبەردەم بەئاوات گەیشتنی کورددا، بۆ نمونە ئەیگوت: زۆر جار لە چاخانەکاندا ئەبوو بە شەڕە کورسی لەنێوان ئەوانەی پشتگیریی ئینگلیز بوون و ئەوانەی پشتگیریی دەوڵەتی عوسمانی بوون و سەروگوێلاکی یەکیان ئەشکاند، بۆیە زۆرجار کە باسی سیاسەت بهاتایەتە پێشەوە، چاوی پڕ ئەبوو لە فرمێسک و ئەیگوت: تا کورد ئەوە حاڵی بێت، بە هیچ نابێ. مەلا عەبدوڵلا تەنیا پەیوست بوو بە کاری خۆیەوە، کە دەرس گوتنەوە بووە و نزیکەی حەفتا ساڵ ئەوە کاری بووە، بۆیە هەرگیز لە هیچیش نەترساوە، چونکە سیاسەتی نەکردووە.

*** بەڵام بەردەوام چاوی سیخوڕەکانی دوژمنان لەسەر کەسایەتی و پیاوە گەورەکانی کورد هەبووە، دەگێڕنەوە مجێورێکی عەرەب بۆ ئەو مزگەوتەی مەلاعەبدوڵلای لێ بوو دەنێردرێت، کە بە نهێنی پەیوەندیی بە حکومەتی ئەوکاتی عێراقەوە هەبووە؟**

-پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: مەلا عەبدوڵلا نوێژی نیوەڕۆ و عەسری لە مزگەوتی ئاڵەکی ناوبازاڕ ئەکرد بە ئیمامەت، لە باتی مامم (مەلا محەمەد چروستانی)، کە بەهۆی نەخۆشییەوە نەیئەتوانی ئەرکی خۆی بەجێ بهێنێ، دوای وەفاتی مامم ساڵی 1963، ئەو ئەرکە لە فەرمانگەی ئەوقافەوە درا بە باوکم، بەڵام سەیر لەوەدا بوو، مجێورێکی عەرەبیان لەو مزگەوتەدا دانا، کە ناوی (حامد) بوو، لەبەرچاومە پیاوێکی درێژی عەگال بەسەری دشداشە لەبەر بوو، دوای ماوەیەک پێشنوێژییەکەی باوکمیان خستە سەر خانەقای مەولانا، کە لە ساڵی 1946وە باوکم لەوێ دەرسی ئەگوتەوە، مجێورە عەرەبەکەشیان لەگەڵ گواستەوە بۆ خانەقای مەولانا، ئەوەی تەواو نییەت خراپیی مجێورە عەرەبەکەی دەرخست، باوکم گوتی: وا بزانم لە ساڵی 1964 بوو، ئەو مجێورە وێنەیەکی دەرهێنا، دیوێکی وێنەکە خوالێخوشبوو مەلامستەفا بارزانی بوو، دیوەکەی تری وێنەی خوالێخوشبوو مام جەلال بوو، باوکم گوتی: لێی پرسیم، راستە مەلامستەفا فەقێ بووە لای تۆ؟ گوتم راستە، هەر کەس خواستی ئەوەی بووبێ بەڕاستی دەرس بخوێنێ من دەرسم پێ گوتووە. بەڕاستی ئەوە تۆزێک باوکمی ڕاچڵەکاند و ترسی لێ پەیدا کرد، بەڵام ترسی لە خۆی نەبوو، لە منداڵەکانی بوو، بۆیە ساڵی 1965ئیمەی نارد بۆ حیللە، کە مامێ کوڕی پوورم مامۆستا عەبدولڕەحمان لەوێ بوو، کە خێزانەکەیشی کچی مامەم، ئەویش دوای سێ ساڵ بەندیخانە لە کەرکووکەوە نەفی کرابوو بۆ حیللە، من لە پۆلی دووی ناوەندی بووم، ئەو ساڵە بۆی دانیشم، واتە ڕاسب بووم، لە خێر و بەرەکەتی کاکە حامدی مجێور. لەوێوە چووین بۆ بەغدا لە گەڕەکی تۆپچی خانوویەکمان گرتبوو، زۆری نەخایاند گەڕایندەوە بۆ سلێمانی، پێم وایە مجێورەکە لە سلێمانی نەمابوو، کە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، من چوومە مەکتەبی شەو و قۆناغی دوو و سێم لە شەودا تەواو کرد، یەکێ لەوانەی ناسیم و برایەتیمان خۆش بوو، خوالێخوشبووی جوانەمەرگ کاک عەلی، برای دکتۆر سەلاح لە زانکۆ، دوای ئەو دوو ساڵە واتە قۆناغی دوو و سێ گەڕامەوە مەکتەبی ڕۆژ، بۆ ئامادەیی وەتەن.

*** دەڵێن بەڕێزیشت لە دیلمان بە دیداری جەنابی بارزانی شاد بوویت؟ ئەوە چۆن و کەی بوو؟**

-پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: بەڵێ ڕاستە، ئەوە لە 1970، واتە دوای بەیانی یازدەی ئازار، ئەو ساڵە قۆناغی شەشی دوانەوەندیم تەواو کردبوو، حەز و خولیایەکی زۆرم هەبوو بە خزمەتی بارزانیی نەمر بگەم، بۆیە باوکم نامەیەکی بۆ نووسیم، بەڕێ کەوتم چووم بۆ ناوچەی گەلاڵە، شەوێ لە گەلاڵە بووم، بۆ بەیانی چووم بۆ قەسرێ، کە سکرتاریەتی بارزانیی لەوێ بوو، نامەکەم دایە دەست کاک مەسعود و ئەو شەوە لە قەسرێ مامەوە، بۆ ڕۆژی دواتر کاک مەسعود بە ئوتومبێلەکەی خۆی بردمی بۆ دیلمان، کاتێ ئێوارە بوو چوومە میوانخانەکەی، کە دوو ژووری گڵی گەورە بوون و هەیوانێکی بچووک لەبەینیاندا بوو، ژووروێکیان بۆ میوان بوو، ژووروێکەی تر بارزانی خۆی لەوێ دائەنیشت و چاوی بە میوانەکان دەکەوت، من کە چوومە ژووری میوانەکان، هەردوو خوالێخوشبوو مامۆستا مەلاعوسمان و مامۆستا مەلاعەلی عەبدولعەزیزی لێ بوو و معاوییە سەرۆکی ئەوسای ئێزدییەکانی لێ بوو، شەهید شێخ محەمەدی سەید عەلی لێ بوو، هەر ئەوەندەم لەیادە، هەر جارەو یەکێ ئەچووە دیداری بارزانی، کە مامۆستا مەلاعوسمان و مامۆستا مەلاعەلی چوونە خزمەت بارزانی، پێیان گوتبوو عەبدولوەهاب کوڕی مەلا عەبدوڵلا بۆ خزمەتت هاتووە، کە ئەوان هاتنە دەرەوە، بارزانی هەر لەناو دەرگای ژوورەکەی خۆیەوە بانگی کردم و فەرمووی: عەبدلوەهاب وەرە بابە، منیش هەستام و بەرەو ژوورەکەی چووم، پیاوێک لەبەر دەرگاکەی وەستابوو، پێی گوتم: دەسی ماچ نەکەی و مەڵێ گەورەم و مەڵێ سەرۆک، کە چوومە خزمەتی سەری ماچ کردم و دەوری چارەکە سەعاتێ دانیشتم و هەوالی باوکم و کەسوکار و هەوالی خەڵکی سلێمانی لێ پرسیم، منیش هەر بە قوربان وەڵامم ئەدایەوە، پاشان گوتی دواتر ئەتبینمەوە، بەیانی هەستم بەوە کرد شتێ ڕوویداوە، چونکە شڵەژاوییەکم بە دۆخەکەوە بینی، بۆیە گەڕامەوە بۆ قەسرێ و چاوەڕێم نەکرد بچمەوە خزمەت بارزانی، لە قەسرێ زانیم هەوڵی تیرۆرکردنی کاک ئیدریسی جوانەمەرگیان داوە لە بەغدا و هەوڵەکەیان پووچەڵ بووەتەوە، بەڵام عەریف حەمید، کە لەگەڵیدا بوو، بە سەختی بریندار ببوو.

دیارە بوونی کاک ئیدریس لە بەغدا بە مەبەستی گفتوگۆ بوو، دواتر چوومە سکرتاریەت لە قەسرێ بۆ خزمەت کاک مەسعود، ئەو لەگەڵم هات چوویتە خزمەت کاک ئیدریسی جوانەمەرگ، نامەیەکی بارزانییان دایە دەستم بۆ باوکم و گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

لەو سەردانەدا کەسایەتیی گەورە و بەهێزی بارزانیی نەمرم بۆ دەرکەوت، کە چەند لە ئاستی مندالێ یا گەنجێکی کورددا بە ئەرزش و خۆ بەزل نەزانە، دە هێندە بەرامبەر دوژمنەکەی، هەرچەند بەهێز بێت، خۆ بەگەورە و سەربەرز زانیوە، چونکە ئەزموونی سەختی ژیان فێری کردووە، چاوی لە دوژمن نەترسێ.

*** ئەو نامەیەی بۆی نووسیت چی تێدا بوو؟ بڕێ مەستێکی بۆی نووسیت؟**

-پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: لە ڕاستیدا وەک ئەمانەتێک و لەبەرئەوەی نامەکە لە زەرفێکی داخراودا بوو، زەرفەکەم نەکردەوە بزانم چی تێدا نووسراوبو، بەڵام پێم وایە، کە هەر نامەیەکی دۆستانە بوو، وەک وەڵامێک بۆ نامەکەی باوکم.

*** کاتێک بە دیداری بارزانی گەیشتیت، هەستت بە چی دەکرد، یا چیت لە ڕووخساریدا دەخوێندەوە؟ یا بڕ پێناسەی بارزانی چی دەڵێیت؟**

-پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: پێمواییە بارزانی زۆر لەوە گەورەترە کە من بتوانم پێناسەی بکەم، پێناسەی ئەو زاتە دەبێ شاخ وداخ و چیا سەرکەشەکانی کوردستان و ئەو سەنگەر و تفەنگ و شەوە تاریکانەی ئەو تیایدا ڕەوی کردووە، یا هەڤاڵە قارەمانەکانی خەباتی بتوانن پێناسەی بارزانی بکەن، تەنانەت ئەوانەش کە دوژمنی بوون، کاریزمایی ئەو دەسەڵێن.

ئەوەندە هەیە من لە دیلمان ئەو ژووری ئەو بۆ میوانی دانابوو، لەگەڵ ژوورەکەی خۆیدا، کە خانوویەکی قوڕ بوو، لای من گەورەیی بارزانی پیشاندەدا.

*** ئەی لەدوای سڕکردنی شۆڕشی ئازادیخوازیی کورد و لەدوای کۆچکردنی بارزانیی نەمر، بەڕێزتان هۆنراوەتان بۆ بارزانی نووسیوە، چۆن ئەو هەستەت لا دروست بوو؟**

- پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: لەڕاستیدا سێ هۆنراوەم نووسیوە، یەکەمیان دوای ئەوەی بەهۆی ئەو پیلانە گەلاوەی لە جەزائیر دژی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد بڕیاری لەسەر درا، سەرکردایەتیی کوردی ناچار کرد شۆڕشی ئازادیخوازی سڕ بکەن، دیارە پەرچەکرداری خەڵک، بەتایبەتی پێشمەرگە قارەمانەکان زۆر توند بوو، چونکە ئەو هەڵوێستەی سەرکردایەتی، کە چاوەڕوان نەکراو بوو، تووشی شۆکی کردن، لەبەر ئەوەی هێشتا لە خاڵ و بەندە نادادپەروەرییەکانی ڕێککەوتنامەکە ئاگادار نەبوون و بارودۆخەکەیان هەڵنەسەنگاندبوو، بۆیە هێندێ کەس لە داخا بووبێ یا بە مەبەست، هێرشی ناڕەوایان ئەکردە سەر خودی بارزانیی نەمر و بەرپرسیارەتییان ئەخستە ئەستۆی ئەو، بەڕاستی منیش بە ڕەوام نەئەزانی و چەند دێڕێ هۆنراوەم بۆ ئەو مەبەستە و وەک وەڵامدانەوەیەک نووسی.

ئەوەی دووەمیش بۆ کۆچی دوایی بارزانیی نەمر نووسیومە، ئەوەی سێیەمیش دوای هێنانەوەی تەرمە پیرۆزەکەی و گەیاندنی بە سلێمانی و دواتر بەخاکسپاردنی لە بارزان، کە زێدی خۆی بوو، لەگەڵ تەرمی کاک ئیدریسی جوانەمەرگ.

بەخۆڕایی پەتی تاوان مەنێنە گەردنی پاکم
تەمەن زۆر و کەمیم دانا لەپێناوی گەل و خاکم
مەدەن تانە بە ڕووی بێگەرد و خاوێنما لە ڕێی خوادا
مەئاڵێنن جەخار و خار، بە باڵای بەرزی سەروادا
هەمو کونجێکی ناخۆشی نەما جێگەم نەبێ تیادا
چەپی ڕۆژگار نەما پەردەی ڕەش و تووشم نەدا پیادا
لە ڕێی ئاواتی بەرزمدا و بەدیهێنانی ئامانجا
تروسکەی بەختەوەربوونی ژیانم پاکی لێ ڕەنجا
* * *
لە یادی کۆچی پڕ حەسرەتی بارزانیی نەمردا
تانە خوێنی مێشکی داچۆڕاوە بۆ سەر چاوەکەم
خوێنی تواوەی گۆشت و مۆخی سەر دڵە برژاوەکەم
بۆکروزی گیانە سووتانی وڵاتی گرتەوە
وا کڵۆکۆی دامراوە، جەرگە هەڵقرچاوەکەم
داری سەروو، بەژنی عەرعەر، پشتی واکۆمایەوە
ناوچەوانی بۆ زەوی، بنجی لە بەرزی مایەوە
چوو بەدەم باوە گەڵا، گیا و گوڵ بەدەم پێوە ئەچی
پاییز و زستانە ساڵ، یەک دوا بەیەک بایدایەوە
ئاسمان خوێنی زەوی، خاکی قوڕی پێ خۆش ئەکەن
کام چیا ستر، لوتکە بەرزە، کام نشێو خومێژش ئەکەن
شینە، گریانە، لەخۆدان، چۆپیکێشان، شاییە
ئەو شەرابەی مەرگی بەودا بۆ خەیاڵ لێیی نۆش ئەکەن
کێڵگە کاول بوو بەدەستی کوللەوە، ترسی نەما
عەینەمەڵ چاوی ونە، بووینە فلیمی سینەما
لاشە بێ سەر بێ، ئەبێ پەنجە چ کەڵکێکی هەبێ
نامەوێ بێ خوێن بسووتێ، دڵ لە بۆشی سینەما
شینی نەی ناڵەی کەمان دێ، سۆزی عوود و سازوتار
ڕۆژ لەناو باوەش شەوا، ڕوناکی دیلی دەستی تار

دۆخی نالەباری عێراق و کاریگەریی لەسەر ئابووریی عێراق

خەبات:تریفە ئازاد

دۆخی نالەباری عێراق تا دێت تەشەنە دەسەنێت و ئاڵۆزییەکان زیاتر دەبن عێراق بەرەو ئاقارێکی نادیار دەڕوات زۆربەی وڵاتانیش لەم وڵاتە نوێنەرایەتی خۆیان لە عێراق کشاندەوە لەبەر ئاڵۆزییەکانی ئەم ڕۆژانەی ڕابردوو ڕۆژانە گۆرانکاری خێرا ڕوو دەدەن ئەمەش بە هۆی ئەو گرژیانە وڵاتان و سەرمایە داران و وەبەر هێنەرەکان لە عێراق دەکشێنەوە ,ئەمەش کاریگەری لەسەر ئابوری و ئاستی وەبەر هێنان دەبێت و ئابووری عێراق بەرەو دۆخێکی نالەبار دەبات و خەڵک تووشی قەیرانێکی گەورە دەبێتەوە.

گرژییەکان ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر بازاڕی عێراق و بازاڕی نێودەوڵەتی

هۆشەمەند ڕەفیق، مامۆستای زانکۆ و شارەزا لە کار و باری ئابووری لە بارەی دۆخی ئێستای عێراق و کاریگەرییە ئابوورییەکان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: پێشهاتە چاوەڕوانەکراوەکەی عێراق، شۆبنەواری لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی داناوە، بە جورێک ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر بازاڕی عێراق و بازاڕی نێودەوڵەتی، کە ئاماژەکان ڕەنگە ئاسۆ ڕوون نەبن، چونکە داخستنی فڕۆکەخانەکانی بەغداو بەسرە بەشێوەی کاتی و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و هەڕەشەکانی سەرۆکی ئەمەریکا وا دەکات کاریگەری بکەنە سەر ئابووری عێراق، ئەو عێراقەی ئابوورییەکەی خۆی بەرەو داکشانەوە چووەو خۆپیشاندانەکانی چەند مانگی ڕابردوو کاریگەری خراپی کردۆتەسەرو ئێستاش گرژییەکانی ئەمدوایە بەرەو خراپتری کردووە، بۆیە ئەمە وا دەکات کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکان و سەرمایەگوزارانیش متمانەیان نەمێنێت و چی دیکە وەبەرهێنان لە عێراق نەکەن. لە لایەکی دیکەوە بەهای دیناری عێراقی بەهۆی ئەوەی کە ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و هەناردەکردن نزیکە لە سفر لە بەرامبەر دراوی قورس بە تایبەت دۆلاری ئەمەریکی لە ئاستێکی نزمتر دایەو پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا هاوشێوەی ئابووری وڵاتانی هەرێمی (ئێران- تورکیا) بەرەو داتەپین بچێت و بەهاکەی لە دەست بدات.

لە هەر دۆخێکدا کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و بەرزبوونەوەی ئاستی عێراق، ئەوە هەرێمی کوردستانی پرێشکی بەردەکەوێت و زۆرینەی مامەڵە بازارگانییەکانی عێراق زیاتر لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوەیە ، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی ئەو نارۆشنییەی هەیە لە ئایندەی عێراق، بازاڕی گرژییەکان، بازاڕی بەرەو سستی دەبات و بەکاربەرو فرۆشیاری عێراقی ئارەزووی کڕین و فرۆشتنی نامێنێت، بەوەش ئاستی بازارگانی لاواز دەکات و گرژییەکان گەشەی ئابووری دادەبەزێنێت و ڕێژەی بێکاری و هەژاری بەرز دەبێتەوە..بێگومان بازاڕی هەرێمی کوردستانیش بەدەر نابێت و ڕووبەڕی ئەو قەیرانە دەبێتەوە، چونکە ئەگەر ئابلوقەی ئابووری بخرێتە سەر کوردستانیش بەرەو لاوازی دەچێت و کاریگەری لەسەر نرخی زەوی و خانووبەرەو تەنانەت ئۆتۆمبێل و مۆلک بەگشتی دەکات و نرخیان بەرەو دابەزین دەچێت، لەبەرامبەردا نرخی خواردن و خواردەمەنییەکان و کەلوپەلی و کەرەستە بەکارهێنەرەکان بەرەو هەڵشکان دەچێت و لەو حاڵەتەدشا بەکاربەر ئەو داهاتەی هەیەتی بەهۆی ئەو مەترسییەوە لە بازاڕ خەرجی ناکات، ئەوەی خواستیشی لەسەر زەوی و خانووبەرەوو مامەڵەی بازارگانییە بەهۆی ئەو ترسەوە مامەڵەکانی ڕادەگرێت.

گرژییەکان لە هەموو بوارێک ڕێگری لە گەشەی وڵات دەکات

ئەردەلان مام وسوو دزەیی، شارەزا لە (کارگێڕی مەترسییەکان) لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: وەبەرهێنان (چالاکی بنەڕەتی ئابووریە) ، وەبەرهێنانی دەرەکی ڕاستەوخۆ (FDI) جوڵەی ڕاستەوخۆی سەرمایەی مرۆیی لە ئاستی نیشتیمان گەشە پێدەدات. بە گشتی وەبەرهێنانی دەرەکی لە وڵاتان پشت بە کۆمەڵێک فاکتەلی سەرەکی وەک: (کۆمەڵایەتی - کەلتووری، ئابووری، سیاسی، مالی) دەبەستێت، هەریەکە لەم بابەتانە دەتوانی سەرمایە و خاوەنەکەی (کۆمپانیا) ڕابکێشێت یا دووری بخات. دروستکردنی متمانە بۆ (کۆمپانیا و خاوەن سەرمایە) بۆ هێنانی سەرمایەکەی بۆ وڵاتی بیانی بێگومان پێویستی بە هەر چوار فاکتەل هەیە ، بەڵام پێش هەموویان هۆکاری سیاسە کە بریتیە لە: (ئاسایش، یاسای وەبەرهێنان، سیستەم و یاساکانی بانکی). پێش هەموو ئەم بابەتانە ئاسایشە کە (پارێزەری کار، سەرمایە و دوا ڕۆژی) خاوەن سرمایەیە و بۆیە کاری لە پێشینە دابین کردنی ئاسایشە ، هەمیشە گرژی دەبێتە هۆکار بۆ دروست بوونی ئاستەنگ و ئاستەنگیش لە هەموو بوارێک ڕێگری لە گەشەی وڵات دەکات. لە دوای ساڵی 2003 تا بە ئێستا دراوی دەرەکی بۆ وڵاتی میوان بە مەبەستی وەبەرهێنان، سیستەم و یاساکانی وەک عێراق لە جیهاندا ماندوون و گرفتیان بە دەست کەمی سەرمایە هەیە و بۆیە پێویستیان بە ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی هەیە، وەبەرهێنانی دەرەکی دەبێتە هێنانی ڕاستەوخۆی سەرمایە و یەک لە هۆکارە گرینگەکانی گەشەی وڵاتانە لە جیهان، دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری و تەکنۆلوجیا ، لێهاتوویی ئاستی مەترسی وەبەرهاتوو لە ئاسایشی عێراق بەرز بووە و تەنها بۆ چەند ماوەیەکی کورت مەترسیەکان کەم بوونەوەن هەڵبەت مەودای گرژیەکان لە هەرێم باشتر بووە. دەستپێکی خۆپێشاندانەکانی عێراق و هەڵەی ئەنقەست لە شێوازی مامەڵە لە گەڵیان بوو بە هۆی پەشێوی، دروستکردنی ئاستەنگی تازە لە لێدانی سەربازگەکانی ئەمریکی و سەفارەتەکەی لە بەغدا، کاردانەوەی گەورەی لەدوا بوو و ئەگەری سەختتر بوونی دۆخەکەی هەیە. بەسترانەوەی ئابووری و دراوی عێراق بە دولار، سیستەمی ودرگرتنی پارەی فرۆشی نەوتی عێراقی بەشێکی دیکەن لە ئاستەنگەکان. بۆیە ئاستەنگەکان تا دێت زۆرتر دەبن و بە مانای ئابووری دەکرێت بگوترێت (مەترسی و نەمانی ئاسایشی سەرمایە) بە دوای دادێت، لە ڕووی کارگێریش کاری (کارگێری مەترسیەکان) سەخت دەکات و بۆیە لە ئێستادا بە گشتی خاوەن سەرمایە وەک سەرمایەکەی بیر دەکاتەوە، واتە سەرمایە ترسنوکە و لە شوێنی ترس خۆی ناگرێت. سەرەتای ئەم دۆخە ئەگەر کۆنترۆل نەکرێت واتە کارگێری مەترسی نێودەوڵەتی بۆ نەکرێت، بێ گومان لە ڕۆیشتنی هەندێ هێزی نێودەوڵەتی دەست پێدەکات، بە ڕۆیشتنی ئەو کارمەندانەی کە هەست بە مەترسی دەکەن لە ناو کۆمپانیا نێو نەتەوەییەکان (multi national) بەردەوام دەبێت، دواجار کشانەوەی کۆمپانیا گەورەکان و ناوەندییەکان دەست پێدەکات کاتێک هەست بە ترسی نەمانی سەرمایەیان دەکەن، بۆیە لە کۆتایی هەر شوێنێک لە عێراقدا نەتوانێت ئاسوودەیی کۆمپانیاکان دابین بکات، دەبێت چاوەڕوانی کەمترین بەشی لە وەبەرهێنان و مانەوەی کۆمپانیاکان بێت.



هۆشەمەند ڕەفیق: گرژییەکان گەشەی ئابووری دادەبەزێنێت و ڕێژەی بێکاری و هەژاری بەرز دەبێتەوە



ئەردەلان مام وسوو دزەیی: لە ئێستا ئاستی مەترسی وەبەرهاتوو لە ئاسایشی عێراق بەرز بووە

عێراق دناڤبەرا نال و بزماران دا

ئەلند ئاکرەیی ـ سالح محەمەد تەیرۆ

یا خویا و ئاشکرایە کو هەر ل پشتی ڕوخاندنا ڕژێما بەعسا گوڕ ب گوڕ ل نیسانا سالا 2003ێ و سێدارەدنا دکتاتۆرێ چەرخێ بیستێ (سەدام حسین)ی و ڤەگەریانا فرە هزری و سیاسی و ئالییێن جودا جودا و هەڤرکیا کوتلەیێن سیاسی ب ڕێکا سندوقێن دەنگدانێ و هەلبژارتنێن دیموکراسی و پارڤەکرنا کورسی و پوستێن سیادی ل عیراقێ.

سوپایێ ئەمریکا و هێزێن بیانی ل عیراقێ کو ب داخازی و پالپشتیا کوتلەیەکێ یان دوویان ب سەرکردەیێن وان ڤە یان ژی مەزهەبەکا دیارکری باْ وەرگرتنا هزر و هەلوێستاْ مەزهەب و نەتەوەیێن دی یێن عیراقاْ ئەڤ کارڤەدان درست بوون.

ڤان هەڤرکی و ناکوکیانە ، حکومەتا عیراقێ ژی ژ بەر هەلوێستی خۆیێ لایەنگر و پشتەڤان بۆ ئیرانێ دبیت ببیتە ئەگەر کو دەولەتێن زلهێز نەخاسمە ئەمریکا بەرەڤ پشتەڤانیا دروستکرنا سێ هەرێمێن جودا بۆ شیعە سونە و کوردان بچن یان جارەکا دی عیراقێ بێخیتە ژێر دەستهەلاتا خۆ ب ڕێکا نیمچە داگیرکرنەکێ.

ب هزرا مە دقێت ئەم کورد بەرامبەر ڤان پێشهاتێن نوی هشیاربین و خۆ ب ئاگرێ هیچ دەولەت و کەس و لایەنەکێ نەسوزین و نەبینە پەرجان بۆ چ دەولەتەکێ و چاڤدێر و بێلایەن بین بەرژەوەندییێن خۆ بپارێزین و و نەبینە یاریزان چونکە دبیت هەتا دوماهیکێ یاریزانەکێ سەرکەفتی نەبین ، هەروەها پێدڤی یە حکومەت و پەرلەمانێ کوردستانێ پێکڤە ڕێکارێن خۆپاراستنێ بگرنەبەر ، ل دوماهیێ دبێژین عێراق و دەڤەر ب گشتی د قوناغەکا هەستیار و نازک دا دەرباز دبیت لەوما ئێکرێزیا حزب و لایەنێن کوردی و کوردستانیان ل هەر دەمەکێ پێدڤی ترە و هەر ب ڤێ چەندێ ژی دێ قەوارەیێ هەرێما کوردستانێ دێ پاراستی بیت.

هەرچەندە رژێما ئیرانێ ب شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەفێن تولڤەکرنێ کرینە و لێ دبیت نەکەڤیتە د شاشیەکا مەزنتردا و بەرەڤ جەنگەکا نەهەڤسەنگ بچیت کو د ئەنجام دا رژێما (ویلایەتا فەقیە) ژ ناڤ بچیت ژبەرکو ئیرانێ ئەو شیان نین وەکی ئەمریکا و هەڤپەیمانێن وێ لەوما دبیت چەند جەنگێن دەمکورت د ڕۆژهەلاتا ناڤین پەیدابن و ئیران شەرەکێ ب وەکالەت بکەت ژ لایێ هێزێن دوبڤەلانکێن خۆ ژ وان ژی میلیشیاتێن شیعە یێن عێراقێ دژی ئەمریکا و هەڤپەیمانێن وێ یێن دەڤەرێ و چەند سیناریویێن دی ژی ئامادەکرین و گەلێ عێراقێ ژی کەفتیە دناڤبەرا نالْ و بزمارانداْ ژبەرهەبوونا حکومەتەکا نە نشتیمانی و مەزهەبی و بێ خزمەتگوزاری و گەندەلْ ژ لایەکێ ڤە ، هەڤرکی وناکوکیا دەولەتێن زلهێز و هەرێمی ژ لایەکێ دی ڤە کو عێراق گوڕەپانا سەرەکی یا ئێکلایکرنا



ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کە کۆمپانیای (رۆژهەلاتی کۆیە) بۆ بازرگانی گشتی و دابینکردنی کەل و پەل بۆ کێڵگەکانی نەوت/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ اسماعیل سمیر مامند

ناونیشان/ هەولێر

ژمارەی مۆبایل/ 07504402120

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر/بەشی یاسا

ژمارە: 78

ڕێکەوت: 9/1/2020

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئەفرۆز) بۆ خزمەتگوزاری IT/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ئەفرۆز) بۆ خزمەتگوزاری IT/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (4/1/2020) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (اسماعیل سمیر مامند) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (160) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (21) ساڵی 1997ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری 9/1/2020

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر/بەشی یاسا

ژمارە: 415/ش1/2019

ڕێکەوت: 9/1/2020

جارِدان

بۆ/ داوالێکراو (سیف الدین حاجی قادر) شوێنی نادیارە

ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (415/ش1/2019 لە 24/12/2019) بڕیاریدا بە پابەندکردنی بەدانی بژێوی ڕابردوو بۆ کۆچەکەت (نیان سیف الدین حاجی قادر) لە بەرواری 1/1/2004تاوەکو 24/8/2019بەبڕی 21109000بیست و یەک ملیۆن و سەدو نۆ هەزار دینار وە لەبەرواری 25/8/2019وە بەردەوام بەبڕی 250000دوو سەدو پەنجا هەزار دینار لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی ڕۆناکی) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێتراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی وە تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی 10دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارداننە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/ دیار محمد علی

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/2

ژمارە: 1119/ب2/2019

ڕێکەوت: 8/1/2020

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (رەنج) سەردەرای کارەکەی)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر/بەشی یاسا

ژمارە: 78

ڕێکەوت: 9/1/2020

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئەفرۆز) بۆ خزمەتگوزاری IT/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ئەفرۆز) بۆ خزمەتگوزاری IT/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (4/1/2020) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (اسماعیل سمیر مامند) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (160) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (21) ساڵی 1997ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری 9/1/2020

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ئەفرۆز) بۆ خزمەتگوزاری IT/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ اسماعیل سمیر مامند

ناونیشان/ هەولێر

ژمارەی مۆبایل/ 07504402120

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/1

ژمارە: 2525/ش/2019

ڕێکەوت:24/12/2019

ئاگانامە

داواکار/ هێمن اکرم حسن ناونیشان: سلێمانی

داوالەسەرکراو/ سمین قربان مهدی ناونیشان نادیارە

داواکار سمین قربان مهدی داوایەکی بەژمارە 2525/ش/ 2019 لەم دادگایە تۆماکردووە لەسەرت وەلەم داوایەدا هاتووە بە (چەسپاندنی ڕەچەڵەک) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەرواری 5/2/2020 کاتژمێر 9:30ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکارتان ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.

دادوەر

د. سردار علی عزیز

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/4

ژمارە: 700/ش4/2019

بەروار: 5/1/2020

جارِدان

بۆ داوالێکراو: (فرید نورالدین صابر) شوێنی نادیارە

دادگا لەداوای ژمارە (700/ش4/2019) بڕیاریدا لەسەر (جیابوونەوە) لەبەرواری (15/12/2019) داواکار (بنار محمد طاهر مصطفی) داوای ژمارە (1119/ب2/2019)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (رەنج) سەردەرای کارەکەی) داواکار داوای بڕە پارەی (480000) چوار سەدوو هەشتا هەزار دولار، ئەم دادگایە لەدادبینی ڕۆژی 5/1/2020بڕیاری دا بەپابەندکردنت بەدانی بڕە پارەی (480000) چوار سەدو هەشتا هەزار دۆلار کە دەکاتە 576960000 پێنج سەدو حەفتاو شەش ملیۆن و نۆ سەدو شەست هەزار دینار، لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی گوندی انگلیزی) لە 27/10/2019 بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێراگەیاندنت وە مافی نارەزایی (اعتراض) وە تێپەڵچوونەوەی و پێداچوونەوەی هەیە لەماوەی 30سی ڕۆژ لە بریاری پاشملەی دادگا بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر و کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ قباد شێرزاد نوری

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/2

ژمارە: 1119/ب2/2019

ڕێکەوت: 8/1/2020

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (رەنج) سەردەرای کارەکەی)

ژمارە: 415/ش1/2019

ڕێکەوت: 9/1/2020

جارِدان

بۆ/ داوالێکراو (سیف الدین حاجی قادر) شوێنی نادیارە

ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (415/ش1/2019 لە 24/12/2019) بڕیاریدا بە پابەندکردنت بەدانی بژێوی ڕابردوو بۆ کۆچەکەت (نیان سیف الدین حاجی قادر) لە بەرواری 1/1/2004تاوەکو 24/8/2019بەبڕی 21109000بیست و یەک ملیۆن و سەدو نۆ هەزار دینار وە لەبەرواری 25/8/2019وە بەردەوام بەبڕی 250000دوو سەدو پەنجا هەزار دینار لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی ڕۆناکی) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێتراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی وە تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی 10دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارداننە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەر/ دیار محمد علی

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/2

ژمارە: 1119/ب2/2019

ڕێکەوت: 8/1/2020

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (رەنج) سەردەرای کارەکەی)

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Control Room Operator

LOCATION: Field - Atrush

JOB SUMMARY: optimize the process, reduce, and control plant upsets. He will ensure that plant inhibits and overrides are controlled as per procedures and Management System guidelines.

KEY RESPONSIBILITIES

- Start up, Operate, Monitor and Shut Down wells, process and utility systems
- Monitor, maintain and optimise process parameters (Level, flow, temperature, pressure etc) within operating requirements
- Compare sample and testing results (API/BS&W/salinity) of process and utility fluids to optimal
- Trouble shoot to maximize sales quality and delivery volume to identify problems
- Maintain discharge water quality within current SBMPC or local guidelines.
- Monitor and operate electrical/hydraulic control panels, safety and emergency shutdown devices, Fire and Gas Systems
- Prepare the release of equipment for routine planned maintenance and Monitor the controlled discharges from area of responsibility to the environment and take corrective active and/or report to the Production Shift Supervisor if they are out with the prescribed limits.
- Supervise operation of PTW system

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Formal Process operating qualification or local technical school. (Processing Operations Hydrocarbons Level 3 or CRO Level 3 or similar)
- 3 years minimum in hydrocarbon processing operations
- Experience of Oil & Gas production, process and utilities systems, operations and wells, Distributed Control, ESD and Fire and Gas Systems
- 3 years minimum in hydrocarbon processing operations
- Very good English language skills spoken and written

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

محكمه تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : خليل سعدو خلف

قدمت السيده / نزيره سمير صالح طلبا الى هذه المحكمه حول فقدانكم بتاريخ /15 8/2014ولمجهوليه محل اقامتكم تقرر تبليغكم بواسطه صحيفتين محليتين ولكم حق الاعتراض خلال مده ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفى حاله عدم حضوركم سيتم اتخاذ الاجراءات القانونيه وفق الاصول .

القاضى / عبدالكريم محمد صادق

× × ×

محكمه بداءه ئاكري

العدد /1164/ب/2019

التاريخ / 8/1/2020

الى / المدعى عليه (فتحى حسن مخلف)

ب/ اعلان

اقام المدعى (يوسف زبير عمر) الدعوي البدائيه المرقمه اعلاه عليك امام هذه المحكمه يطلب فيها الزامك بتاديه مبلغ مالى مناسب كتعويض عن الاضرار التى لحقت به بسبب الكلمات الغير الائقه التى وجهتها اليه بتاريخ الحادث ولمجهوليه محل اقامتك حسب اشعار مختار (قريه جونان) المرفق بكتاب مركز شرطه كردسين المرقم (6/2770) فى 5/9/2019 قررت المحكمه تبليغك عن طريق النشر فى جريدتين يوميتين محليتين بالحضور فى اليوم المعين للمرافعه امام هذه المحكمه والموافق 21/1/2020استنادا للماده 1/21 من قانون المرافعات المدنيه وبعكسه ستجري المرافعه بحقك غيابيا واصدار القرار المناسب وفق القانون

القاضى / خالد عثمان يوسف

× × ×

محكمه المواد الشخصيه فى العماديه

العدد/1/مواد/ 2020

التاريخ/ 12/1/2020

اعلان

الى المدعى عليها (مورين مرخائيل سليفو)

مجهوله محل الاقامه

اقام زوجك المدعى (ميخائيل ننو كوركيس) الدعوي المرقمه (1/مواد/2020) عليك امام هذه المحكمه والذي يطلب فيها ب (الطلاق منك لكثره المشاكل بينكما واستحاله العيش) عليه ولمجهوليه محل اقامتك حسب اشعار مختار قريه ميسكا المرفق بكتاب مركز شرطه كانى ماصى بالعدد 24فى 8/1/2020عليه قررت هذه المحكمه تبليغك عن طريق النشر فى صحيفتين محليتين يوميتين للحضور فى المرافعه المصادف يوم 26/1/2020 وعند عدم حضورك او ارسال من ينوب عنك سوف تجري المرافعه بحقك غيابيا حسب الاصول.

القاضى / طارق رمضان صالح

× × ×

مديريه تنفيذ ئاكري

العدد /2890/ت.د/ 2019

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديريه فى الاضباره التنفيذيه المرقمه 2890/ت.د/ 2019المتضمن بيع العقار المرقم 6/ 98 مقاطعه 95 لالەئى فى حصه المدين المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديريه عن بيعه بالمزايده العلنيه فعلى الراغبين بالشراء مراجعه هذه المديريه مستصحبين معهم التامينات القانونيه البالغه 10٪ من القيمه المقدره ان لم يكن شريكا فى العقار المذكور او دائنا فى الاضباره التنفيذيه اعلاه وستجري المزايده فى الساعه الثانيه عشره (12:00) ظهرا من اليوم الثلاثين التالى لنشر الاعلان واذا صادف عطله رسميه ففى اليوم الذي يليه علما ان الدلاليه ورسوم التسجيل على المشتري

الاوصاف : رقم الاضباره 2890/ت.د/ 2019الموقع ئاكري/11ايلول المساحه 500م 2الجنس ملك صرف /عرصه القيمه المقدره (44000000) اربعه واربعون مليون دينار عيراقى

المنفذ العدل / ناطق نافع صديق

× × ×

مديريه تنفيذ ئاكري

العدد /2891/ت.د/ 2019

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديريه فى الاضباره التنفيذيه المرقمه 2891/ت.د/ 2019المتضمن بيع العقار المرقم 6/ 98 مقاطعه 95 لالەئى فى حصه المدين المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديريه عن بيعه بالمزايده العلنيه فعلى الراغبين بالشراء مراجعه هذه المديريه مستصحبين معهم التامينات القانونيه البالغه 10%من القيمه المقدره ان لم يكن شريكا فى العقار المذكور او دائنا فى الاضباره التنفيذيه اعلاه وستجري المزايده فى الساعه الثانيه عشره (12:00) ظهرا من اليوم الثلاثين التالى لنشر الاعلان واذا صادف عطله رسميه ففى اليوم الذي يليه علما ان الدلاليه ورسوم التسجيل على المشتري .

الاوصاف : رقم الاضباره 2891/ت.د/ 2019 الموقع ئاكري/11ايلول المساحه 500م 2الجنس ملك صرف /عرصه القيمه المقدره (44000000) اربعه واربعون مليون دينار عيراقى

المنفذ العدل

ناطق نافع صديق

× × ×

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: 98

ڕێکەوت: 7/1/2020

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (BRIQUETTE) بۆ (بەرهەمهێنانی خەلوز/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی 177لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (21) ساڵی 1997 هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (160) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (21) ساڵی 1997ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی

کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر/بەشی یاسا
ژمارە: 75
ڕێکەوت: 9/1/2020

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ڕۆژهەڵاتی کۆیە) بۆ بازرگانی گشتی و دابینکردنی کەل و پەل بۆ کێڵگەکانی نەوت/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ڕۆژهەڵاتی کۆیە) بۆ بازرگانی گشتی و دابینکردنی کەل و پەل بۆ کێڵگەکانی نەوت/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (4/1/2020) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (اسماعیل سمیر مامند) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو ,من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (160) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (21) ساڵی 1997ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری 9/1/2020

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: 2019/3921
ڕێکەوت: 12/1/2020
ئاگاداری

ئەم بەڕێوەبەرایەتی لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (2019/3921) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (پشکەکانی) قەرزار (ریبەر مظهر حسن) لە کۆمپانیای (دلبین بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی/ سنوردار) بەبڕی ((1000000ملیۆن دینار بەلێک زیادکردنی ناشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (شاهەڵۆ سالار عبدالخالق) کە برەکەی ($110000) سەدو دە هەزار دۆلار جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی (7) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەل خۆی بهێنێت کە (10%) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەڵایش لەسەر کرایارە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: 3
ڕێکەوت: 2020 / 1 / 12
ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (2)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (دروستکردنی پردی پەرینەوەی پیادە لەسەر شەقامی (100)م نزیک شەقامی عەنکاوە لە شاری هەولێر) کە (سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەک لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێک وەرگرتنی ئەو تەندەرانەە دەبێ لەنا و زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە نانوسینانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (12)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (سێ شەمە) ڕێکەوتی 2020 / 1 / 28دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت، وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا لە پلە 8 کەمتر نەبێت و نوێ کراوەبێت..
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطي) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکیەتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بهێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بهێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (75.000) حەفتاو پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.

د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەشی یاسایی و گرێبەستەکان
ژمارە: 611
ڕێکەوت: 12/1/2020

جاردانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ جاری دووەم

ئاماژە بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ ب. موەتەلەکان ژمارە (30/9/2019) 10663) بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مولکی دەولەت ژمارە (32)ی ساڵی (1986) لە ڕۆژی سێ شەمە ڕێکەوتی28/1/2020 کاتژمێر 10ی بەیانی بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی بۆ فرۆشتنی کەل و پەلی لەکارکەوتووی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکان لە کۆگای 19 و بەشی چاکردنەوەی دەزگای هونەری لەجێگای خۆی هەر کەسێک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە ئامادەبێت لە شوێنی و کاتی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە لەگەڵ هێنانی بارمتەی یاسایی 20٪ نرخی فرۆشتنی تێبینی کریار پابەندە بە دانی 2٪ نرخی پێشکەشکراو وەک کرێی ڕاگەیاندن و خزمەتگوزاری و کەل و پەلەکە بگوازێتەوە لەماوەی 20 بیست ڕۆژ لە ئاگادارکردنەوەی بەبری کۆتایی لیژنەی فرۆشتن بەپێچەوانەوە کرێی لەسەر دەژمێردرێت بەبری 50000 پەنجا هەزار دینار لەبری هەر ڕۆژێک دواکەوتن.

دکتۆر/ دلۆڤان محمد جلال
بەڕێوەبەری گشتی

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی شوێنی نووسینگەی سکالانووسین و نووسینگەی فۆتۆکۆپی لەناو بینایەی بەڕێوەبەرایەتی باجی خانوبەرەی هەولێر/ 1یە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی 32ساڵی 1986هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (5) ی ساڵی 1986جا هەر کەسێک ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (30) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (10) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێک بارمتەی یاسایی (20%) یەدگی پێنی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری

***

دادگای بەرایی شارەزوور
ژمارە: 131/ب/ 2019
ڕێکەوت: 2020 / 1 / 6
ئاگاداری

داواکار : أحمد علی محمود بریکارەکەی پارێزەر : عطا عثمان حسین.
داوالەسەرکراوان : 1- فرهاد روستم مصطفی 2- دلپاک روستم مصطفی 3- ژیان روستم مصطفی 4- رونک روستم مصطفی 5- گولباخ روستم مصطفی 6- ملیعه روستم مصطفی 7- سعدیه احمد محمود .

بۆ داوا لەسەرکراوان : (1- فرهاد روستم مصطفی 2- دلپاک روستم مصطفی 3- ژیان روستم مصطفی 4- رونک روستم مصطفی 5- گولباخ روستم مصطفی 6- ملیعه روستم مصطفی 7- سعدیه احمد محمود) کە ئێستا ناونیشانتان نادیارە، دادگا ئاگادارت دەکات کە داواکاری سەرەوە داوای بەرایی ژمارە (131/ب/2019) لە ڕێی بریکارەکەیەوە لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردبوو، تیایدا داواکار بوو کە مولکی ژمارە (2/18 کەرتی 4 زراین و کانی ڕەش) تۆمار (تملیک) بکرێت بەناوی خۆی لە تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی شارەزوور، بۆ ئەم دادگایە لەبەرواری 23/10/2019 بڕیاری دا بە پابەندکردنتان بە تۆمار (تملیک) کردنی مولکی ژمارە (18/ 2 کەرتی 4زراین و کانی ڕەش) بەناوی داواکار، وە لەبەرئەوەی کە ناونیشانتان نادیارە دادگا لە ڕێی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە ئاگادارتان دەکات بە ناوەڕۆکی بڕیارەکە وە ئێوەش مافی تانە لێدان و پێداچونەوەتان هەیە بە بڕیارەکەدا ، ئەگەرنا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا.

دادوەری یەکەم
سوزان عبدالله صالح

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سلێمێل
ژمارە / 9/ خ / 2019
ڕێکەوت/ 18/12/2019
ئاگەهداری

ڕێگەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (جهور فیصل محمد)د مولکێ ژمارە (13684/1 کەرتێ 41 کری بانی) بو جارا دووی نەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێگەبەریا مە بکەت دماوێ (15/پازدە) ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دینە (10%) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ردمێ تەحصیلی ودەلالیێ لسەر بکری نە

ڕوونکرن :

ژمارە وجە : (1/ 13684کەرتێ 41 کری بانی - تاخی بەهار)

ڕەگەز وجۆر : خانیێ ئاکنجیبونێ یە دوو تابقە

ڕووبەر :- (2،103)

بهایێ هاتیە دانان :- (43000000) جل وسێ ملیون دینارێ عیراقی

جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوک
ژمارە / 2011/ 2019
ڕێکەوت/6/1/2020
ڕاگەهاندن

بریار هاتە دان ب فروتنا پشکێن قەردار (دلشاد اسماعیل حسن) ژ مولکێ ژمارە (1/1497) کەرتێ (84/بروشکی) کو دبنە (392040سهم) ژ (665280سهم) ودکەڤیتە (دهۆک) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (دلشاد رمضان حسن) بکوژمێ (15120000) پازدە ملیون وسەد وبیست هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێگەبەریا مە بکەت دماوێ (15/پازدە) ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەمینیاتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا ((10% وتەمینیاتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا ((10% ژ کوژمێ خەملاندی یێ پشکا قەرداری بتنێ کو دبێتە (183857142) سەد وهەشتێ وسێ ملیون وهەشت سەد وپێنجی وحەفت هزار وسەد وچل ودوو دینار دگەل ڕەگەزنامە عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە

سالوخەت : جھ وژمارە دهۆک (1/1497) کەرتێ (84/بروشکێ) جور پێتک هاتیە ژ خانیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێتک دهێت ژ دوو نهومان یا ئەردی پێتک دهێت ژ چار دکانان ویا دووێ پێتک دهێت ژ دوو خانیان خانیێ ئێکێ پێتک دهێت ژ شوقەیەک ئاکنجیبوونێ وپێتک هاتیە ژ ژورەکا نڤستنێ وژورا پێشوازیێ وهول وپێتکهاتێن ساخلەمیێ وخانیێ دووێ پێتک دهێت ژ سێ ژورێن نڤستنێ وپێتکهاتێن ساخلەمیێ ڕوبەر هەمی (2 ئولک و 2،23،88) کوژمێ خەملاندی پشکا قەرداران یتنێ (183857142) سەد وهەشتێ وسێ ملیون وهەشت سەد وپێنجی وحەفت هزار وسەد وچل ودوو دینار

هاریڤان ایوب عبدالله (جێ بەجێ کاری داد)

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ئارام خدر علی) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی خۆراک/تاک) بڕیاری گۆڕینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (ئارام خدر علی) بۆ کۆمپانیای (بیستون جبار خدر)، بۆیە هەر کەسێک نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Cost and Budget Reporter

LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: The candidate will be a single point accountable for accurate cost analysis, trending, cost controls support and guidance to the Operations Management Team

KEY RESPONSIBILITIES

1. Analyze and generate forecast information related to costs (Capex & Opex) for Operations Department financial budget.
2. Develops Cost / Spend vs. Time S-curve and track spend vs budget progress and spend/earned value.
3. Produces a variety of timely cost reports on various operations department projects or activities.
4. Informs department managers on departmental costs and budget performance.
5. Generates projected budgets or expenditures based on past spending/historical activities.
6. Reviews contractor invoices to ensure compliance with contract schedule, identifying and resolving discrepancies as necessary with Contractor Company and Finance dept.
7. Coordinates information between departments, including Engineering, Supply Chain, Projects, Finance and Drilling
8. Develops systems to capture costs, track spend against contracts, progress on specific activities, and provide timely and accurate reports of these measurements of performance and progress.
9. Interfaces with client & members to explain estimates and techniques used to derive estimates.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Degree in Engineering discipline preferred but Business / Finance or similar are acceptable
- Preferring Professional Cost Management certifications / accreditation from AACE or other
- 5+ yrs cost or contract management experience
- Experience with online AP system (Oracle would be an asset)
- Very good English language skills spoken and written

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Lead Process Engineer – Technical Authority

LOCATION: Field

JOB SUMMARY: Provide Leadership in generating Process Engineering-related recommendations that align with the project design requirements and enhance business value. Serve as the Technical Authority relevant to Process Engineering Equipment, across the TAQA Iraq assets.

KEY RESPONSIBILITIES

- Develop, with drilling department, Scope of Work and Compensation exhibits;
- Review and provide feedback on detailed technical assessment reports for the optimisation of new and existing systems, including recommendations for remedial and long-term action plans, prior to forwarding to senior management.
- Actively participate in Process Safety risk reviews and action approval.
- Respond quickly to challenging and varying production-related business interruptions as defined
- by the Operations, Drilling and Reservoir Engineering Groups
- Align the application of new process technology / systems with the TAQA Iraq business objectives.
- As part of the HSSE group, the individual must set and maintain the highest standards of integrity, trust and adherance to the commpany's HSSE requirements.
- Encourage, and provide direction for, a multi-faceted continuous professional development programme for the Process Engineering Trainees


QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Chemical Engineering Degree from an Internationally accredited University programme.
- Depth of experience and knowledge in the Process fields.
- Minimum of 10 years Process Engineering experience in an oil/gas or petrochemical process facilities.
- Minimum of 5 years experience in a Senior Technical role
- Minimum of 5 years process plant operational experience.
- Fluency in English, both written and spoken.

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1794:
کۆنگرێسی ئەمەریکا ئالای ولاتەکەی گۆڕی و ئالا تازەکە لە 15هێڵ و 15ئەستێرە پێک هاتبوو .



سالی 1893:
پارتی کرێکارانی سەربەخۆ لە بەریتانیا دامەزرا .



سالی 1915:
لە ئیتالیا بومبەلەرزەیەک بە گوڕی 7.5پلە رووبدا و بووە هۆی کوژرانی 29000 کەس .



سالی 1991:
بە مەبەستی ڕێگرتن لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ، هێزەکانی سۆڤیەت هێرشی کردە سەر شاری فیلنیۆسی پایتەختی لیتوانیا .



سالی 1992:
دەربارەی جەنگی دووەمی جیهان ، ژاپۆن داوای لێبوردنی لە کۆریا کرد .



سالی 2016:
بۆ یەکەم جار لە هۆڵەندا ئافرەتێکی بە ڕەگەز عەرەب بوو بە پەرلەمانتاری ئەو ولاتە .

جەزائیر.. 10 سەرۆک لە ماوەی 57ساڵدا



ڕەمزی میرەکانی

لە ماوەی 57 ساڵی ڕابردوودا، چەندین سەرۆک لە ولاتی جەزائیر دەسەلاتیان وەدرگرتووە، هەر یەک لەو سەرۆکانەش شۆڕشێکی بەسەر ڕێڕەوی سیاسیی ئەو ولاتەدا دیاربووە. یەکەم سەرۆک ئەحمەد بن بلە بوو دواتریشیان عەبدولمەجید تەبوونە، کە مانگی ڕابردوو توانی کورسی سەرۆکایەتی جەزائیر بباتەوە. لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر هەر 10سەرۆکەکەی ولاتی جەزائیر لە ماوەی ئەو 57 ساڵەدا.



– ئەحمەد بن بلە:
بن بلە یەکەم سەرۆکی جەزائیری سەربەخۆیە، کە سکرتێری گشتیی پارتی (بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی) بوو، بەڵام ماوەیەکی زۆر لە دەسەلات نەمایەوە، ناوبراو لە ساڵی 1963 تاکو 1965لە کورسی سەرۆکایەتی مایەوە، هەرچەندە بن بلە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1963 تاکە پاڵێوارو بوو توانی بە ڕێژەی 99.6% دەنگەکان براوە بێت، کەچی جێگرەکەی، هواری بۆمدین، وەزیری بەرگریی ئەوەدم، لە 19حوزەیرانی 1965لە دەسەلاتی لادا و شوێنەکەی ئەوی گرتەوە. بن بلە تاکو ساڵی 1979 لە بەندیخانە مایەوە، پاشان تاکو ساڵی 1980خرایە ژێر ماڵەوەی بە تۆپزی.

– هواری بۆمدین:
بۆمدین لە ساڵی 1965 تاکو مردنی لە ساڵی 1978 ، لەسەر کورسی سەرۆکایەتی جەزائیر مایەوە. بۆمدین، کارکردنی بە دەستوور پەکخست و پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی شۆڕش، سەرۆکی حکوومەت و وەزیری بەگریشی بۆ خۆی قۆرخ کرد. هواری لە ساڵی 1976دا، هەڵبژاردنێکی ڕێکخست، کە خۆی تاکە پاڵێوراوی بوو، بۆیە بە ڕێژەی 99.5% دەنگەکان بوویەوە بە سەرۆک.لە ڕێکەوتی 27 کانونی یەکەمی 1978دا، هەر لە دەسەلاتدا بوو، کە بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دواییکرد.

– رابح بیتات:
بیتات، تەنیا بۆ ماوەی 45 ڕۆژ بووە سەرۆک، وەکو ماوەیەکی گواستنەوەیی.

– ئەلشازلی بن جەدید:
سوپا بن جەدیدی هەڵبژارد، بۆ ئەوەی بێتە تاکە پاڵێوراوی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ساڵی 1979دا، لە جیاتی عەبدولعەزیز بوتەفلیقە، کە بۆ شوێنگرتنەوەی سەرۆکی کۆچکردوو بۆمدین، پاڵێوارو بوو. بن جەدید لە ساڵانی 1984و 1988 هەر بەسەرۆک هەڵبژێردرایەوە. لە مانگی شوباتی ساڵی 1989دا، دەستووری تازە کۆتایی بە قۆرخکاریی پارتی (بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی) بۆ کاری سیاسیی هێنا و ئازادی زیاتری فەراهەمکرد. لە مانگی کانونی یەکەمی 1991یشدا، پارتی (بەرەی ئیسلامی بۆ ڕزگارکردن- ئینقاز)، زۆرینەی ڕەهای لە یەکەم هەڵبژاردنی یاسادانانی فرەیی لە جەزائیر بەدەستهێنا ، بەمەش بن جەدید، لە 11 کانونی دووەمی 1992دا، لە ژێر گوشاری سوپاوە، دەستی لە پۆستەکەی هەڵگرت، پاشان پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ڕەتکردەوە.

– محەمەد بوزیاف:
بوزیاف لە ساڵی 1992دا، بۆ ماوەی 5مانگ دەسەلاتی گرتەدەست. ناوبراو بە یەکێ لە سیمبولەکانی جەنگی ڕزگارکردن دادەنرێت، دوای وازهێنانی بن جەدید، کە پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە، دەسەلات کەوتە دەست ئەنجوومەنی باڵای دەوڵەت، کە لە 5 کەس پێکهاتبوو، بە سەرۆکایەتی بوزیاف، ناوبراو پاش کەمتر لە 6مانگ تیرۆرکرا. بکوژەکەی لە کاتی دادگاییکردنیدا وتی، بەتەنیا ئەو کارەی کردووە وەکو هاوسۆزییەک بۆ ئیسلامییەکان، لەوکاتەی لێژنەی لێکۆڵینەوە باسی لە پیلانگێڕییەک دەکرد.

– عەلی ئەلکافی:
دوای 32ساڵ لە سەربەخۆیی، بەیەکەم سەرۆک دادەنرێت، کە دەسەلاتی ڕادەستی شوێنگرەوەکەی، ئەمین زروال کرد، کە ڕاسپێردرابوو سەرکردایەتی ماوەیەکی دیکەی گواستنەوەیی بکات.

– ئەمین زروال:
لە ساڵی 1994دا، ئەنجوومەنی باڵای ئاسایش (کە لە سەرکردەکانی ئاسایش، سوپا و گرنگترین وەزیرەکان پێکهاتبوو)، زروالی هەڵبژارد، بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی ماوەی گواستنەوەیی، کە وادانرابوو 3ساڵ بەردەوام بێت، زروال، لە ساڵی 1995دا، یەکەم هەڵبژاردانی سەرۆکایەتی فرەیی لە جەزائیر ڕێکخست، خۆی پالاوت و بەرامبەر سێ پالێوراو براوە بوو، بەڵام ملکەچی گوشارەکان بوو و ماوەی سەرۆکایەتییەکەی کەم کردەوە، ئەویش بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێش وەختە لە ساڵی 1999دا، کە بوتەفلیقە براوەی بوو.


– عەبدولعەزیز بوتەفلیقە:
بوتەفلیقە، لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵی 1999براوە بوو، پاشان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی 2004، 2009 و 2014، بە ڕێژەی 80% دەنگەکان بوویەوە سەرۆک. بوتەفلیقە بەنیازبوو بۆ ماوەی پێنجەم، خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی 2019 کاندید بکاتەوە، بەڵام ناڕەزایی میللی فراوان، ناوبراویان ناچارکرد پاشگەز بێتەوە و هەڵبژاردنەکان دوا بخات، پاشان لە ژێر گوشاری شەقام و سوپادا، ناچار بوو پێش چەند مانگێک لە تەواو بوونی ماوەی چوارەمی سەرۆکایەتییەکەی دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە.

– عەبدولقادر بن سالح:
لەبەر ئەوەی سەرۆکی ئەنجوومەنی گەل بوو، سەرکردایەتی جەزائیری بۆ ماوەیەکی گواستنەوەیی گرتە دەست، پاش دەست لە کارکێشانەوەی بوتەفلیقە، تاکو دانانی سەرۆکی تازە عەبدولمەجید تەبوون.

– عەبدولمەجید تەبوون:
تەبوون بە ڕێژەی 58.15% دەنگەکان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی براوە بوو. بردنەوەکەشی دوای چەندین مانگ لە جوولەکردن بوو، جەزائیریەکان هیوایەکی زۆریان بە تەبوون هەیە، بۆ ئەوەی ولاتەکەیان بەرەو پێشەوە ببات لە هەموو ڕووییێکەوە.

سەرچاوە:
www.aawsat.com

ئالای ولاتان



ئوستورالیا

لەنێو ئالای ئەو ولاتەدا ئالای بەریتانیا هەیە وەک ئاماژەیەک بۆ پەیوەستبوونی هەردووک ولات بە یەکتر ، ئەستێرە گەورەکەش ئاماژەیە بۆ یەکێتی خاکی ئەم ولاتە و گۆشەکانی ئەستێرەکەش ئاماژەن بۆ حەوت ویلایەتەکەی ولات . چوار ئەستێرەکەش هێمان بۆ خاچ (سەلیب) .



براوە و دۆڕاو لە تەنگژەی نێوان ئەمەریکا و ئێران

ئا/ عەبدولقادر کەڵهۆڕ

پێشهاتە مەترسیدارەکانی ئەم دواییە و هەڕەشەکردنی ئێران بە تۆڵەسەندنەوە و کردنە ئامانجی بنکە و پێگە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە پێشهاتەکانی ناوچەکەی ئاڵۆزتر کرد و مەترسی ئەوە هاتە کایەوە کە جەنگێکی ترسناک لە ناوچەکە سەرهەڵبدات و تەڕ و وشک بەیەکەوە بسووتێنێت و ئاکامی فراوانی هەبێت.ڕەنگە دەستنیشانکردنی براوە و دۆڕاو لەو تەنگژەیە کارێکی ئاسان نەبێت ، چونکە هەنگاوی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو پرسە دیاری دەکەن .

کێ براوەیە و کێ دۆڕاوە؟ کۆماری ئیسلامی ئێران

سەرباری ئەوەی ئێران کەسایەتییەکی سەربازی و هەواڵگری گرنگی لەدەستدا بەڵام ڕەنگە ئێران بۆ ماوەیەکی کورتخایەن سودمەند بێت. هەرهیچ نەبێت مەراسیمی بەخاکسپاردنی سولەیمانی یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی چاوەکان لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی ئێران لابچێت. هەروەها توانای خۆکۆکردنەوەی ئێرانی دەرخست لە بەرامبەر تەنگژەکان و هێز و لایەنە نەیارەکانی نێو ئێرانی وا لێکرد دەست بخەنە نێو دەستی یەک و یەک هەڵوێستی بنوێنن.لەلایەکی دیکەوە بەو پێیەی ئێران لە ژێر گوشارێکی ئابووری زۆردایە بەهۆی کشانەوەی یەکلایەنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنامەی ئەتۆمی لە ساڵی 2018، ساڵی ڕابردووش پشتیوانی گەیشتنە ئەوپەڕی دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای خستە خوارەوە و کەشتییەکی نەوتەهەڵگری دەست بەسەرداگرت. هەروەها تۆمەتبارکرا بە چەند هێرشێکی مووشەکی ، لەوانە کردنە ئامانجی دەزگایەکە نەوتی سعودیە لە ئەیلوڵی ڕابردوو، لە بەرانبەریشدا ئێران ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە .دواتر ئێران وەک وەڵامێک چەند موشەکێکی ئاراستەی بنکە ستراتیژییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرد لە عێراق و سۆزی زیاتری ناوخۆی بۆ خۆی ڕاکێشا کە بە شێوەیەکی پراکتیکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا توانی نینۆکی هێزە سەربازییەکی ئێران بکات . لەو سۆنگەوە ڕەنگە بەختی سەرۆک دۆناڵد ترامپ زیاتر بێت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە تشرینی دووەمی داهاتوو.هەروەها پەیامێکی گرنگ و بە هێزی بۆ هاوپەیمانەکانی وەکو مەملەکەتی عەرەبی سعودی و ئیسرائیل ئاراستە کرد. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆی خستە نێو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئێران کە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و قوربانی زیاتر لە ریزەکانی سوپای ئەمەریکا ، هاوکات ڕەنگە بێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێکی دیکەی ئاڵۆز و درێژخایەن لە ناوچەکە . کە ڕەنگە کاردانەوەی زۆری هەبێت لە دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە.

میلیشیا شیعەکانی عێراق

ڕەنگە میلیشیا شیعەکانی عێراق کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن بۆ ماوەیەکی کورت خایەن سودمەند بن لەو تەنگژەیە. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو خۆپیشاندانی گەورە و کاریگەر لە عێراق ئەنجام دران دژی گەندەڵی و بوونی ئێران و دەستڕۆیشتوویی لە عێراق . بۆیە ئەو میلیشیا چەکدارانە هەوڵدەدەن سوود لە پێشهاتەکانی ئەم دواییە وەربگرن و جارێکی دیکە بالادەستی خۆیان بەدەست بێننەوە و بەهانە بۆ مانەوەیان لە عێراق بهێننەوە. زۆرجاریش بەڵێنیان بە هاوڵاتیان دەدا کە کارەکەن بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و سەرکردەکانیان ئەو پرسەیان وەکو کارتێکی سیاسی بەکاردەهێنا . هەروەها ئەو ڕوشەی ئێستا لە ئارادایە ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەکو قاعیدەو دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش) جارێکی دیکە بێنەوە گۆڕەپانەکە و هەلەکە بقۆزنەوە.

ئیسرائیل

بەهۆی ئامانج و بەرژەوەندی هەریەکەیانەوە ، ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی ئێران لە ململانێیەکی دڕێژ و بەردەوام دان و ئێرانیش نیازی ئەوەی هەیە دەوڵەتی ئیسرائیل لەناو ببات و چەند جارێک بە هەڕەشە ئەوەی دووپات کردووەتەوە.بەگوێرەی ئیسرائیل ئەو هەڕەشانە هێشتا هەر بوونیان هەیە، چونکە ئێران پاڵپشتی دوژمنەکانی ئیسرائیل دەکات لەوانەش حزبوڵڵای لوبنانی و بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا . بەڵام پێشهاتەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نیازی ئەوەی هەیە ئێران گل بداتەوە و سنووردار بۆ دابنێت. لە ئیسرائیلیش ئەو پێشهاتانە بە هەنگاوێکی باش و سودمەند بۆ ئیسرائیل لە قەڵەم دەدرێن لە ڕووی ئەمنییەوە لە قازانجی ئەوان دەشکێنەوە و دژی بەرژەوەندی ئەوانەیە کە ئێران پاڵپشتیان دەکات . هەر بۆیە بنیامین نەتانیاهۆ گوتی، ئیسرائیل شان بەشانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەوەستێت لە پێناو ئەمن و ئاشتی و بەرگریکردن لە خۆی.

ڕەنگە دواتر لەو سۆنگەوە سود ببینێت. بەڵام ئەگەر ئێران کاردانەوەی زیاتری هەبێت ڕەنگە هەر لە پێگەی براوە و سوودمەندی نەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی هێزێکی سەربازی بچوکترە بە گوێرەی ئەمەریکا ئیتر هەر لەناو ئەو بازنەیە دەمێنێتەوە ، ئەو هێرش بکات و ئەمەریکا کاردانەوەی کاریگەر و زەبری توندتری لێ بوەشێنێت.هەروەها سەرخستنی زیاتری ڕەوشەکە وادەکات ئێران دووچاری دابڕانی نێودەوڵەتی زیاتر ببێتەوە، کە خۆی لە خۆیدا لە ژێر سزا و ئابلۆقەی زیاتر دەنالێنێت.ئەوکات بەناچاری دەچێتە ژێرباری پابەندبوون بە ڕێککەوتنامەی ئەتۆمی .

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا





لە نێوان سوپای ئەمەریکا و سوپای ئێراندا

ئا : هەندرین شێرزاد

پێشهاتەکانی ئەم دواییەی نێوان ئێران و ئەمەریکا وایان کرد زۆر لە شارەزایان بەدووری نەزانن کە شەڕێکی سەرتاسەری لە نێوان هەردوو وڵاتدا بەرپا ببێ . لێرەدا هێز و تواناکانی سوپای هەردووک وڵات دەخەینە ڕوو :

لەسەر ئاستی **137** بەهێزترین سوپای جیهاندا ،سوپای ئەمەریکا ژمارە 1ی داگیر کردووە.	سوپای ئێرانیش لە هەمان لیستدا پلەی **14**ی پێ بڕاوە .
ئەمەریکا خاوەنی سێیەم گەورەترین کەشتیگەلە لەسەر ئاستی جیهاندا ،	کەشتیگەلی ئێرانیش لە پلەی چواردەم دێ .
ژمارەی سەربازانی سوپای ئەمەریکا **1.280.000** کەسە ،	لە ئێرانیش سالانە **1.4**ملیۆن ئێرانی دەگەنە تەمەنی بەجێگەیاندنی خزمەتی سەربازی .
سوپای ئەمەریکا خاوەنی **13.500**فڕۆکەخانەی سەربازیە ،	سوپای ئێرانیش **319**فڕۆکەخانەی سەربازی هەیە .
کۆی ژمارەی فڕۆکەکانی ئەمەریکا نزیکەی **13398**فڕۆکەیە (**2362**یان فڕۆکەی شەڕکەرن).	ئێرانیش خاوەنی **477**فڕۆکەیە (**137**فڕۆکەی شەڕکەر و **137**فڕۆکەی هێرشبەر و **12**فڕۆکەی هێلیکۆپتەر)
سوپای ئەمەریکا خاوەنی **6287** تانکی شەڕکەرە .	سوپای ئێرانیش **1616**تانک و **1315**زرێپۆشی هەیە .
بودجەی سالانەی تەرخانکراو بۆ سوپای ئەمەریکا نزیکەی **716**ملیار دۆلارە	لە کاتێکدا کۆی قەبارەی دراوی یەدەگی ئێران **135**ملیار دۆلارە .

مانشێت



سکای نیوز:
لە پێنج ویلایەتی ئەمەریکا بارینی باران و بەفرێکی زۆر بووە هۆی ڕاگرتنی زیاتر لە هەزار گەشتی ئاسمانی و وزەی کارەباش لە دەیان هەزارماڵ بڕا .



ئیلاف :
لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تایوان ، تسای ئینگ وینی سەرۆکی پێشوو سەرکەوتنی وەدەست هێنا .



ئەی ئێف پی :
لە دەریای ئیجە و لە ئەنجامی ژێرئاوکەوتنی بەلەمێک ، 11 پەنابەر گیانیان لە دەست دا .



ڕۆیتەرز :
وەزیری بەرگری بەریتانیا ڕایگەیاند پێویستە وڵاتەکەی لە ڕووی سەربازیەوە کەمتر پشت بە ئەمەریکا ببەستێ .




ڕۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت:
ویلایەتی تێکساسی ئەمەریکی بڕیاری دا لە ساڵی 2020 هیچ پەنابەرێک وەرنەگرێ .



کەنالی ئار تی :
لە ڕۆژئاوای نایجەر و لە ئەنجامی هێرشێکی چەکداری بۆ سەر پێگەیەکی سەربازی 89 ئەندامی هێزی ئاسایش کوژران .

ئەگەر ئەو ئەستێرەیە بتەقێتەوە، ئەوا بە رۆژ و بە شەو لە ئاسمانی کوردستان و جیهاندا دەبینرێت!



لە ریزبەندی گەشێتی ئەو ئەستێرانەی کە ئێمە لەسەر زەویدا دەیانبینین، Betel-geuse یەکێکە لە ناودارترین ئەستێرەکانی ئاسمانی باکوور و لە سەرەتای وەرزی پایزدا دوای نیوەی شەودا بە ئاراستەی رۆژئاوادا هەڵدێت، بەڵام لەشەوانی زستاندا بە ئاراستەی باشوور و باشوور رۆژئاوادا وەک خاڵێکی گەشی سوور لەنێو کۆستێرەی (رواچی – Orion) دا دەبینرێت.

لە مانگی تشرینی یەکەمی 2019دا، فەلەکناسانی جیهان، بە پسپۆڕو ئارەزوومەندەوە تووشی شۆکبوون بە بینی کزبوونی روناکی یەکێ لە گەشترین و جوانترین ئەستێرەکانی ئاسمانی وەرزی زستان کە لە رووی فەلەکییەوە، پایە روناکییەکەی (Magnitude) ەکەی لە 0.5ەوە دابەزری بۆ 1.5پلە و لە ماوەی تەنها چەند هەفتەیەکدا گەشێتییەکەی بە ئاستی 2جارو نیو کەمتر بۆوە لە ئاستی خۆی، ئەمەش بەراستی تۆمارێکی پێوانەییەو هەرگیز رووی نەداوە.

ئەستێرەی (Betelgeuse) یان (بیت ئەلجەوزا) لە پلەی 10یەم گەشترین ئەستێرە لە ئاسمانی باکوورو باشووری زەویدا نزمبۆوە و ئێستا بۆتە 21ەمین و رەنگە زیاتریش نزم ببێتەوە.

لە دواوەی 15ی تەموزی هەموو ساڵێک و پێش هەڵاتنی خۆر بە یەک کاتژمێر بە ئاراستەی رۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێت.

چاکترین کات بۆ بینینی: کاتژمێر 10ی شەو لە ماوەی نێوان کۆتایی کانوونی یەکەم تا کۆتایی مانگی شوباتی هەموو ساڵێک کە لەو کاتانەدا دەکەوێتە بەرزترین ئاستی خۆی لە ناوچەیەکی نزیک لە ناوەڕاستی ئاسماندا. بەشێوەیەکی گشتی لە جۆری ئەستێرە (نەفرەنجایە سەرووی مەزنەکانە – Red Super Giant

ڕەنگی سوورێکی ڕوون و ئاشکرایە و زۆر بە ئاسانی چاوی ئاسایی مرۆڤ و بێ بەکارهێنانی هیچ جۆرە ئامێرێکی وەک تەلەسکۆپ و دووربین دەتوانێ ئەو ڕەنگە سوورەی ئەم ئەستێرەیە لە ئەوانی دیکەدا جیا بکاتەوە.

پایەی شەبەنگی لە پۆلێنی (M2) پلەی گەرمیی ڕووەکەی لە سنووری 3000 تا 3500پلەی سەدییە.

بارستاییەکەی 15جار ئەوەندەی بارستایی خۆرە

460 جار لە خۆری ئێمە گەورەترە و تیرەی 660 جار لە تیرەی خۆر گەورەترە .

گرمان خۆرمان هەڵگرت و لە شوێنی ئەو ئەستێرەی Betelgeuseمان دانا ، ئەوا قەبارەکەی تا خولگەی هەسارەی موشتەری دەڕوات ژ واتە ژ هەسارەکانی عوتارد و زوهرە و زەوی و مەریخ و هەسارۆکەکانیش هەر هەموویان ژ بە خولگەکانییەوە ژ لەنێو ئەم ئەستێرەیەدا نقووم دەبن.

10هەزار جار لەخۆری ئێمە گەشترە.

ماوەی نێوانمان دەگاتە سنووری 645 ساڵی ڕووناکی، واتە ئەگەر بە کیلۆمەتر لێکی بدەینەوە، ئەوا دەگاتە سنووری: 6 کوادریلیۆن و 480تریلیۆن کیلۆمەتر.

تەمەنی ئێستا تەنها 10ملیۆن ساڵە، وە یەکێکە لەو ئەستێرانەی کە بە خێراییەکی یەگجار زۆر و ناسروشتی سووتەمەنییەکەی خۆی دەسوتێنێت، بۆیە پێشبینی دەکرێت تەمەنێکی زۆر کورتی هەبێت –با لەیادمان نەچێ کەوا تەمەنی ئێستای خۆر گەیشتۆتە 5 هەزار ملیۆن ساڵ!.

فەلەکناسان دەڵێن: ئەستێرەی Betel-geuse بە بەختە ئەگەر بڕماوەی 100 هەزار ساڵی دیکەدا بژی.

ڕێژەی سووتاندنی ناووکی لەناوچەرگەیدا، 100 ملیار جار خێراتر و بەهێزترە لە ئەستێرەکانی دیکەی وەک خۆر.

بە پێی ئەو خەسڵەتە فیزیاییەدا، ناوکی ئەستێرەی Betelgeuseبریتییە لە گۆیەکی نیۆترۆنی بە تیرەی 32کیلۆمەتر.


ئەستێرەیەکی نا ئارامە و قەبارەکەی ماوە ماوە لە 290 ملیۆن تا 480 ملیۆن کیلۆمەتر دەکشێ و پاشان دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی.

ئەگەر بتەقێتەوە، ئەوا لەسەر شێوەی (سوپەر نۆڤا) دەبێ و دەبێتە یەکێک لە مەزنترین ئەو دیارە فەلەکیانەی کە لەم سەردەمەدا ڕووەدات، چونکە بە پێوانە فەلەکییەکان ئەم ئەستێرەیە نزیکە لە زەوی کە 645ساڵی ڕووناکییە

تیشکە گەردوونییەکان بەڕێژەیەکی پێوانەیی بەر ڕووی زەوی دەکەون

سەرەتای هەفتەی ڕابردوو، بەرزترین ڕێژەی بەرکەوتنی سیستەمی خۆر بە گشتی و هەسارەی زەوی بەتایبەتی بە (تیشکی گەردوونی) تیادا تۆمارکراوە، ئەمەش بەهۆی کەمبوونەوەی چالاکیی خۆر لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کە گەیشتۆتە لووتکەی نزمیی، بەمەش ئاست و هێزی بەرگی موگناتیسی خۆر سنووردار دەبێت و ئیدی بڕی زیاتری تیشکە گەردوونییەکان دزە دەکاتە نێو سیستەمی خۆر، هەر بۆیە، فەلەکناسان دەڵێن ئەگەر هاتوو ئەم کپییە لە چالاکی خۆر بۆ ئەمساڵیش بەردەوامبێ، ئەوا چاوەڕوان دەکرێ ئەمساڵ ژمارەیەکی پێوانەیی لە زیادبوونی ڕێژەی بەرکەوتنی سیستەمی خۆرو زەوی بە تیشکی گەردوونی تیادا تۆماربکرێت، زیاتر لەوەی کە لەماوەی نێوان کۆتایی 2009و سەرەتاییەکانی ساڵی 2010 تۆمارکرابوو.

زیادبوونی ئەو جۆرە ڕێژەی تیشکە گەردوونییەکان، مەترسی هەیە لەسەر تەندروستی کەشتیوانانی ئاسمانی بە پلەی یەکەم و ئینجا گەشتیارانی نێو ئەو فڕۆکانەی کە نزیک لەناوچە جەمسەرییەکاندا دەفڕێت و هەروەها کاریگەریشی دەبێت لەسەر بواری کیمای کارەبایی ئاستە بەرزەکانی بەرگە هەوای زەوی و زیادکردنی دیاردەکانی بروسک، بەڵام کاریگەری ڕاستەوخۆی نابێت لەسەر تەندروستی دانیشتوانی سەر ڕووی هەسارەی زەویدا.




ناسا مووشەکی (SLS) ی تایبەت بە گەشتی داهاتووی مانگ ئامادە دەکات



تیمێکی هاوبەشی نێوان پسپۆڕانی ئاژانسی (ناسا) و پسپۆڕان و تەکنیکارانی کۆمپانیای ناوداری فڕۆکەوانی (بۆوینگ) دەستیانکرد بە لابردنی یەکەکانی پێکەوە بەستان و هەڵواسینی تایبەت بە مووشەکی ناسا بە (سیستەمی هەڵدانی بۆشاییگەڕیی – SPACE LAUNCH SYSTEM) و شەحنکردنی بۆنێو پاپۆڕی (PEGASUS) سەر بە (سەنتەری پێکەوەبەستانی مێچود) سەر بە ئاژانسی (ناسا) لە (نیوئۆرلیانز) بۆ (سەنتەری فڕینی ستینیسی بۆشاییگەڕیی) لە نزیک (سانت لویس) لە (مسیسیپی) و لەوێوە لەسەر سەکۆی ناسراو (B-2) ی تاقیکردنەوەیی بەرز دەکرێتەوەو تاقیکردنەوەی زنجیرەیی ناسا بە (GREEN RUN) ی لەسەردا ئەنجام دەدرێت بۆ دڵنیابوونی تەواو لە سیستەمەکانی ئەلیکترۆنی فڕین و سیستەمەکانی پاڵنانی مووشەکیی کە زۆر هەستیارن لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵدان و فڕیندا.

ئەم تاقیکردنەوانەی تایبەت بە مووشەکی (SLS) هەنگاوەکانی پێشەکییە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵدانی کەشتی ئاسمانیی (ئۆڕاین) کە ئامادەکراوە بۆ گەیاندنی ئادەمیزاد بۆ سەر ڕووی مانگ کە پێشبینی دەکرێت ئەمجارەیان ئافرەتێک و پیاوێک بێت، ئەمەش لە سنووری ساڵی 2024، تەواوی ئەو پرۆژەیە کە ناونراوە (ئارتیمیس) بریتییە لە قۆناغی یەکەم بۆ هەنگاوی دەچوون لە مانگەوە بۆ هەسارەی (مەریخ).

شوێنی نیشتنەوە لەسەر هەسارۆکەی (بێنوو) دەستنیشانکرا



دوای تێپەڕبوونی یەک ساڵ لە خولانەوەی کەشتی ئاسمانیی (ORIRIS- REX) بەدەوری هەسارۆکەی سەرنجڕاکێشی (BENNU)، لە کۆتایدا، پسپۆڕانی کەشتییەکە توانیان باشترین و لەبارترین خاڵی نیشتنەوە بۆ کەشتییەکەیان دەستنیشان بکەن تا دەستبکات بە وەرگرتنی نموونە لەخاک و بەردەکەی و پاشان گەڕاندنەوەی بۆ تاپێگەکانی (ناسا) لەسەر ڕووی هەسارەکەماندا. ئەو خاڵەی دەستنیشان کراوە نـاونـراوە (NIGHTINGALE) و بریتییە لە چاڵێکی گەورە لە نیوەگۆی باکووری ئەو هەسارۆکەیەدا، ئەمەش دوای هەڵبژاردنی لەنێوان سێ ناوچەی دیکەی کاندید کراو کە ناونراون SANDPIPERو OS-IRIS-REX و KINGFISHERو PREY گشتیان لە ڕووی تۆپۆگرافییەوە ئارامترین شوێنی نیشتنەوەن و نابنە هەڕەشە لەسەر سەلامەتی کەشتییەکە.

(دانتی لۆریتا) ی لێکۆڵەری سەرەکی لە زانکۆی (ئەریزۆنا) لە (تۆکسن) و ئەندامی تیمی پسپۆڕانی کەشتی (ئۆسیریس –ڕێکس) گوتی: "دوای ڕووماڵکردن و هەڵسەنگاندنێکی گشتیی گەیشتینە ئەو ڕایەی کە ئەو ناوچەیە پڕە لە پێکهاتەی وورد و خاشبوو، ئەمەش پڕۆسەی نیشتنەوەو جێگیربوونی کەشتییەکە ساناترو سەرکەوتووتر دەکات و ڕێگەش دەدات جوانترین و شیاوترین نموونەی خاک خۆڵ و بەرد لێ وەربگرین". تیرەی خاڵی (NIGHTINGALE) دەگاتە 16 مەترو دەکەوێتە نێو چاڵێکی گرکانی شێوە بە تیرەی 140 مەترو پلەی گەرمییەکەی نزمترە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەو پێدەچێت مادەکەی زیاتر پارێزراو بووبێت، هەربۆیە، هێنانەوەو شیکردنەوەی پێکهاتەی ئەو ناوچەیە، زانیاریەکی وردتر دەداتە پسپۆڕان دەربارەی میژووی دروستبوون و پەرەسەندنی ئەو هەسارۆکەیە.

واچاوەڕوان دەکرێت کەشتییەکە بۆ یەکەمجار لە ئابی 2021لە ناوچەی دەستنیشانکراودا بنیشێتەوەو دوای وەرگرتنی نموونەکان، لە ئەیلولی 2023 بگاتەوە زەوی.

جێگای ئاماژەیە کەوا هەسارۆکەی BENNU بۆ یەکەمجار لە 11ی ئەیلوولی 1999دا دۆزرایەوە تیرەی دەگاتە 490 مەترو بەماوەی 436 ڕۆژدا خولێک بە دەوری خۆردا تەواو دەکات و نێوەندی خێراییەکەی دەگاتە 28 کیلۆمەتر لەیەک چرکەو بەماوەی 4 کاتژمێرو 29 خولەکدا خولێک بە دەوری خۆیدا تەواو دەکات، وە نزیکترین خاڵی لە خۆر دەگاتە 1 ملیۆن و 331 هەزار کیلۆمەترو دوورترین خاڵیشی دەگاتە 2 ملیۆن و 283هەزار کیلۆمەترو هیچ هەڕەشەیەکی بەرکەوتنی نییە لەگەڵ هەسارەی زەویدا.

گەورەترین گالاکسی لوولپێچ دۆزرایەوە



دوای وردبوونەوەیان لە یەکێ لە گرتە هەرە نوێ و سەرنجڕاکێشەکاندا، تیمی پسپۆڕانی تایبەت بە (تلسکۆپی ئاسمانی هابڵ) خۆیان بینییەوە لە بەرامبەر بارستەیەکی گەردوونیی مەزنی ناسراو بە گالاکسی لوولپێچی (UGC 2885) یان (LEDA 14030) کە بە مەودای نزیکەی 232ملیۆن ساڵی ڕووناکی لێمانەوە دوورە، بەڵام دوای شیکردنەوەی زانستیانەو ئەنجامدانی پێوانەکارییەکان دەرکەوت کەوا تیرەی ئەو گالاکسییە دەگاتە سنووری 816هەزار ساڵی ڕووناکی، واتە، نزیکەی 8جار ئەوەندەی تیرەی گالاکسی خۆمان (ڕێی کاکێشان) و نزیکەی 10جار ئەوەندەی ڕێی کاکێشان ئەستێرەی تیادایە. تیمێک لە فەلەکناسانی (کەنەداو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا) دەڵێن: هۆکاری گەورەیی قەبارەی ئەو گالاکسییە بەو شێوە مەزنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا بە شێوەیەکی تەنهانییە لەنێو بۆشایی گەردوونیداو هیچ گالاکسییەکی دیکەی لێ نزیک نییە تا کاری لێبکات و ببێتە بەرییەککەوتن و یان تێکچوونی شکڵ و شێوازی بەهۆی هێزی کێشکردنی نێوانیان.

مان یونایتد و چێڵسی لەسەر یاریزانێک دەکەونە سەنگەری یەکتر‌ەوە

ڕۆژنامەی ی بەریتانی رایگەیاند کە هەردوو یانەی چێڵسی و مانچستەر یونایتد لەسەر ڕاوکردنی عیسا دیوبی یاریزانی یانەی وێستهام یونایتد کەوتونەتە کێبڕکێیەکەوە و هەردیکەیان خوازیارن لە وەرزی گواستنەوەی زستانەدا بۆ ریزەکانی خۆیان پەلکێشی بکەن.
دیوب کەتەمەنی 3سالّە و لەیانەی تۆلۆزەوە چووە ویستهام، ئەم وەرزە ئاستیکی زۆر بەرزی پێشکەش کردووە و تەنانەت یانەکەشی نایەوێ دەستبەرداری بێت، بەڵام یانەی چێڵسی بەردەوام لەپەوەندیدایە کە هەرچۆنێک بیت ئەو یاریزانە رازی بکات و لەوەرزی داهاتوودا یارییان بۆبکات، بەڵام ئەمە هێنندە شاسان نابیت، چونکە یانەی مانچستەر یونایتدیش لای خۆیەوە هەوڵێکی دەستپێکردوە بۆ کڕینی ئەم یاریزانە.



ئەندریسکۆ لە پاڵەوانێتی ئوستڕالیا دادەبڕێت



بیانکا ئەندریسکۆی کچە تێنسزانی لاوی کەنەدی رایگەیاند کە ناتوانێت بەشداری پاڵەوانێتی کراوەی تێنسی ئوستڕالیا بکات ئەویش بەهۆی ئەوەی هێشتا لەپێکانەکەی چاکنەبۆتەوە.
ئەندریسکۆ کە هەڵگری نازناوی پاڵەوانێتی کراوەی ئەمریکایە گوتی: لەپێکانەکەم هێشتا چاک نەبوومەتەوە و بەردەوام چارەسەری وەردەگرم، هەربۆیەشە نەمتوانی بەشداری لەم پاڵەوانیتییە بکەم، ئەم بڕیاردەم بەلاوە زۆر جێی داخ بوو، چونکە حەزم دەکرد لە ملبۆرن یاری بکەم.

ئارسنال بەدوای گۆڵچییەکەی ئینتەرەوەیە



ڕۆژنامە وەرزشییەکانی ئیتاڵیا ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە یانەی ئارسنالی ئینگلیزی لەنزیکەوە چاودێری یونوت رادۆ گۆڵچی یانەی ئینتەرمیلان دەکات کە ئێستا بەخوازراوی لەریزەکانی یانەی جەنەوا یاری دەکات.
رادۆی ڕۆمانی بۆ ماوەی یەک وەرزە بەخوازراوی ئینتەر جێهێشتووە و لەم ماوەشدا بەئاستیکی زۆر باش دەرکەوتووە، بۆیە ئەرسنال بیری لەوەکردۆتەوە گرێبەستیک لەگەڵ ئەو یاریزانەدا مۆر بکات، ئەمە لەکاتێکدا هەریەک لەیانەکانی ویستهام و نیس و فیۆرنیتینا لەلایەن خۆیانەوە هەوڵی گەیشتن بەخزمەتەکانی ئەو گۆڵچییە لاوە دەدەن.

دوێنێ سواریێز نەشتەرگەرییەکی بۆ ئەنجامدرا

یانەی بەرشلۆنە رایگەیاند کە دوێنێ لویس سواریێزی هێرشبەری ئۆرگوایانی لەژێر سەرپەرشتی پزیشک ڕامۆن کوجات نەشتەرگەرییەکی بۆ ئەنجامدرا و بەم هۆیەشەوە چەند هەفتەیەک لەیاریگاکان دوور دەکەوێتەوە.
یانەی بەرشلۆنە لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە پێکانیکی کۆنی ئەو یاریزانە تازەبوویتەوە و بەهۆیەوە نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدراوە، لەڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە دیار نییە سواریێز بۆچەند ماوەیەک دووردەکەوێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەونەتەرگەرییەوە پێدەچێت دوورکەوتنەوەکەی لە 6 هەفتە کەمتر نەبێت.

مێسی نایەوێ دەستبەرداری ڤالڤێردی بن بۆ ڕاهێنەرایەتی کردنی یانەکە، بەشلۆنە پەیوەندی بە (چاڤی)ەوە دەکات

هەواڵەکان لە کەتالۆنیا ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە یانەی بەرشلۆنە پەیوەندی بە چاڤی کردووە لە ئەگەری گەڕانەوەی ئەو یاریزانەی پێشوو وەک ڕاهێنەری یانە.
مەحمود غولامی بەڕێوەبەری وەرزشی یانەی سەددی قەتەری رایگەیاند کە یانەی بەرشلۆنە پەیوەندیان بەچاڤییەوە کردووە و تا ئێستاش پەیوەندییەکان لەنێوان هەردوولادا بەردەوامە، بەوئامانجەی کە بەرشلۆنە دەیەوێت چاڤی لەسەرەتای وەرزی داهاتوودا ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی بەرشلۆنە لەدوای ڤالڤێردییەوە وەرگرێت.
ئەم هەوڵەی بەرشلۆنە لەدوای ئەوەوە هات کە ئەنجامەکانی وەک پێویست نییەنە بەتایبەتیش کە لە جامی ئیسپانیا دەرکرانە دەرەوە، بۆیە بەرشلۆنە دەیەوێت زوو چارەسەری ئەم پرسە بکات و دوانەکەوێت، بەڵام تا ئێستا مێسی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ڤالڤێردی دووربکەوێتەوە.





بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon.13. Jan. 2020 No: (5909)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ڕووداوی گەورە لە ناوچەکە دەقەومێ، هی دیکەش وا بەڕێوەیە، ناوچەکەوەک مەنجەڵ مەنجەنیق بڵق بڵق دەکوڵێت، لە بەدبەختیشمان، ئێمەی کورد لە ڕووی جوگرافیەوە کەوتووینەتە نێوەندی ئەو کارەسات و ڕووداوانە.

چاوخشاندنێکی خێرا، بەلاپەڕەکانی دیرۆکی مێژوودا، ئەو ڕاستیەمان زیاتر لەلا ڕوون دەکاتەوە کە ئێمە لەئاست پێشهات و ڕووداوەکاندا، چەند خەمسارد و بێباک بووین، دووبەرەکی و خۆخۆڕی گورزی چەند گەورەی لێ وەشاندووین.

ئێستا ، بارودۆخەکە لە هەموو کاتێک ترسناکترە، گچکەترین فاول یان هەڵەیەک دەمانخاتە ناو خەرەندی لەناوچوون، کاتی ئەوە هاتووە، هەموو بەیەکەوە بیر لە دامەزراندنی(ئەنجوومەنی باڵای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم) بکەینەوە، واز لەلێدانی قەوانی سوار بکەینەوە، دروست بوونی ئەو ئەنجوومەنە لەسەر بنەمایەکی پتەو و دوور لە ڕپ و دووبەرەکی، دەبێتە بناغەیەکی پتەو بۆ پاراستنی خاک و نەتەوەکەمان، ئەگەرچی کاتەکەشی درەنگە بەڵام هێشتا بەبەریەوە ماوە، چەند زوو بەخۆبکەوین، ئەوەندە زووتر مەترسیەکان دەڕەونەوە.

بەیان مەحمود بۆمبا:

دراما کوردییەکان ئەگەر کەم و کوڕیشی هەبێ، لەو دراما تورکیانە زۆر باشترە



دیانە: پەریها عومەر

بەیان مەحمەود بۆمبا لە دایکبووی شاری سلێمانیە دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە لە سلێمانی، لە ساڵی (**1974**) دەستیپێکردووە هەر لە منداڵیەوە خەریکی کاری هونەریە، ئێستاش قوتابی قۆناغی چواری کۆلێژی هونەرە جوانەکانی سلێمانیە سەرەتا بە کاری منداڵان دەستیپێکردووە و دوای ئەوەی کە چۆشتە پەیمانگا بە کاری گەورە دەستیپێکردووە، زۆرترین کاری لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووە و ئەندام بووە لە ساڵی (**1981**) وە لەساڵی (**1986**و **1987**) دەرچووە ، هەروەها لەساڵی هەشتاکانەوە ئەندامی تیپی شانۆی پێشڕەوی کوردیە، چەندەها کاریشی لەو تیپەدا کردووە چەند کارێکیشی لە تیپی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان کردووە لە دوای نەوەتەکانیشەوە لە تیپی شانۆی پێشڕەوی کوردی کاری کردووە، دوای ئەوە لە دوو هەزارەکانیش بووە بە ئەندام لە تیپی هاوڕێیانی گەزیزە چەند کارێکی کردووە،ئێستا ئازادە لە کار کردن، خۆی حەزی لێ نییە لە هیچ تیپێکا کار بکات لەبەرئەوەی تیپ ئەتبەستێتەوە بەو شوێنەوە لە زۆر کار بێبەریت ئەکات لەبەرئەوە ئەگەر ئازادیی لە هیچ تیپێکا نەبی ئەتوانی هەموو کارێک بۆ ئەو تیپانە بکەیت و ،وە هەموو کارێک بۆ تەلەفزیۆن و بۆ هەموو شوێنەکان بکەی، حەزەکات میژوویەک بۆخۆی دروستبکات ئێستاش سەرپەرشتیاری هونەرە لە یەکەی چالاکی قوتابخانەکان.

ـ لەوڵامی ئەو پرسیارەدا ، ئایا چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئێستای هونەری دراماى کوردی هەیە ؟

ـ من پێموایە دراما کوردییەکان ئەگەر کەم وکوڕیشی هەبێ، لەچاو ئەودراما تورکیانە زۆر باشترە، کە بۆخەڵکی ئێمە لێئەدرێن،چونکە بە ڕاستی دراما تورکیەکان لە مستەوای ژیانی ئێمەدانین بۆ کۆمەڵگای ئێمە ناشێت ئەگەر چیرۆکەکانیشی چەند بەهێزبن، دراماى کوردی لای خۆمەوە لەگەڵ ئەوەی کەم وکورتی زۆرمان هەیە لەرووی دەرهێنەر و لە کامێرا و لە شوێن و کاتێ تەسویر دەکەین، بەرای من دراماى کوردی ئەبێ بەرەو پێشەوە بڕوات جارێ زۆری ماوە.

ـ تا چەند تورستە کاتێک ڕۆڵی سەرەکی دەبینیت لەگەڵ ڕۆڵی ئاسایی لە فیلمێک یان درامایەکدا؟

ـ من هیچ ڕۆڵێ بە قورس نازانم دراماێ یا شانۆیی و سینەمایی بێت، بەڵام هەر ڕۆڵێک جوانی خۆی هەیە ڕۆڵی دراما بە جیا ڕۆڵی شانۆیی بەجیا ڕۆڵی سینەما بەجیا ، هەریەکەیان ئاستێکی بەرزی هەیە لای من، بەڵام قورسترین ئیش لای من ئیشی شانۆیە زۆر هیلاکت ئەکات، لەوە قورستر بەشی سینەمایە زۆر زۆر هیلاکت دەکات یانی لەوانەیە بۆ چارەکێک دوو ڕۆژ سێ ڕۆژی پێبچێت، یانی قورسترین ئیش سینەمایە چونکە من ئێستا خوێندکارم لە کۆلێژی هونەری / بەشی سینەما لەچ ئاستێکدایە لە ئاستێکی بەرز دەبینرێ هێشتان زۆرمان ماوە.

ـ ئایا ڕۆڵ بینین لە شانۆی سەر شەقام خۆشترە یان هۆڵ بە بۆچوونی تۆ؟

ـ من تا ئێستا ڕۆڵم لە سەر شانۆی سەرشەقام نەگێڕاوە، بەڵام من لەگەڵ ئەوەی خەڵکانێکی زۆر دەبینم کە لە شەقامەکاندا کاری شانۆیی دەکەن زۆر جار ڕووبەڕووی قسەی ناشیاو دەبنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کەسانیش هەن دەستخۆشیان لێدەکەن بە ئاستێکی باشی دەزانن ، خۆم تا ئێستا کاری شانۆیی سەر شەقامم نەکردووە، بەڵام من ڕۆڵم زۆر بینیوە لە هۆڵ وەکو شانۆیی من پێموایە هۆڵ خۆشترو جوانترە، خەڵکی کاری شانۆیی جوانتر تێدەگات، لەبەرئەوەی ئەوانەی کە دێن کەسانی ڕۆشنبیرن تۆ لەکوێ لەگەڵ کەسانێکی ڕۆشنبیر کار بکەی ؟ لە کوێ لەگەڵ کەسانێکی سادە وەکو گاڵتە پێکردن گاڵتەت پێبکەن، من کاری شانۆییەکم کرد ئەمساڵ یەک کەسم بینی لە شانۆکە هاتە دەرەوە پێی قبوڵ نەبوو ئەو شانۆیە لەبەرئەوەی باسی ژنی دەکرد کێشەکانی ژنی پێ قبوڵ نەبوو، سەیر بوو لای ،بەڵام من هەرکاری خۆم کردو ڕۆیشتم لە سەری کارێکی مۆڵۆ دراما بوو بە ناوی (گوڵدانێکی شکاو) جوانترین کارم بوو بەلای خۆمەوە بەلای بینەرەکانیشمەوە زۆر بە دڵیان بوو دەیانگوت تا ئێستا کاری مۆڵۆ دراما کرا بێت لە سلێمانیدا ئەمکارە بەجوانترین کاری دەزانین من سوپاسی هەوادارانم دەکەم سوپاسی ئەو کەسانەش دەکەم کە دەستخۆشیم لێدەکەن.

ـ لە ئێستادا سەرقاڵی چ پرۆژەیەکی هونەریت بۆ داهاتوو؟

ـ ئێستا سەرقاڵی درامای (مەقۆ مەقۆ) م لە کەناڵی سپێدە ، وەکو پاتریپۆت وەکو بەرنامەی بەرنامەیە، خەڵکێکی زۆر دەستخۆشیمان لێدەکەن ئێستا من سەرقاڵی ئەو کارەم بۆ کاری هونەری هەموو کارێکی هونەری دەکەم، بەڵام بە هەموو کارێکیش ڕازی نیم، بەڵام بەردەوامم کاتێ تەمەن دەڕوات دەڵێیت: خۆزگە زۆرتر کارم بکردایە.

ناسری ڕەزازی کلیپێکی نوێ بەمزووانە بڵاودەکاتەوە




هەمزە سەرحان

هونەرمەند و گۆرانیبێژی کورد ناسری ڕەزازی بەم زوانە کلیپی شارەکەم بڵاودەکاتەوە.

شارەکەم، یەکێکە لە تراکەکانی ناو ئەلبومە نوێیەکەی ناسری ڕەزازی بە ناوی شارەکەم، هۆنراوەی گۆرانیەکە لەلایەن سەعیدی شێخ ئیسلام نوسراوە، ئاواز و میوزیکی گۆرانیەکە لەلایەن ئەردەشیر کامکارەوە دانراوە، بەم زوانە بڵاویدەکاتەوە.ناسری ڕەزازی لە ساڵی *1955* لە شاری سنە لەدایک بوە، لە تەمەنی منداڵیەوە دەستی بە گۆرانی وتن کردوە، لەگەڵ چەندین هونەرمەندی ناسراو گۆرانی تۆمار کردوە ئەوانیش "مەرزیە فەریقی، تۆفیق ڕەزایی، موحەمەد مامڵێ، عەزیز شارۆخ، موحەمەد جەزا، جەمال موفتی، نەجمەدین غوڵامی"، خاوەنی چەندین ئەلبوم و بەرهەمی تایبەت بە خۆیەتی.

ئایا دەزانن داهێنەری فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان خەڵکی عێراقە



خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی

ئایا دەزانن ئەو کەسەی کە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی داهێنا خەڵکی وڵاتی عێراقەو کەسێکی داهێنەرەو خاوەنی توانایەکی لەڕادەبەدەربووەو ناوی تەواوی ئیبراهیم کەریمەو بە ئەبراهام کارام ناسراوەوئەو کەسە بەهرەمەندو ئەندازیارە ژیرە لە دایک و باوکێکی بە ڕەگەز عێراقییەو جولەکەیەو لەساڵی *1937*لەشاری بەغدا چاوی بەدونیا هەڵیناوەو لەساڵی *1951*لەگەڵ خێزانەکەیدا چووین بۆ ئیسرائیل و ئیبراهیم کەریم هەر لەتەمەنی منداڵیەوە خاوەنی توانایەکی بێ ئەندازەبووە لە دانانی دیزاینینی فڕۆکەدا و لەتەمەنی *14* ساڵیشدا ئەو داهێنەرە عێراقیە یەکەم نموونەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی دروست کردووەو لەتەمەنی لاویەتیدا ڕووی کردۆتە پەیمانگەی ئیسرائیلی نخنیۆن لەبەشی ئەندازیاری فڕۆکەوانی خوێندویەتی و هەوڵی داوە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان لە بەرژەوەندی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل دروست کردو لەساڵی *1973* لە جەنگی ئۆکتۆبەر ئەو فڕۆکەیەی بەکار هێناوەدیارە ئەو ئەندازیارە ڕووی کردە وڵاتی ئەمەریکاو لە مالەکەی خۆیدا کۆمپانیایەکی بچوکی دامەزراندووە بۆ دروستکردنی فڕۆکەی جۆری باتریۆس و دوای ماوەیەک گۆڕیویەتی بۆ ئەمبیر و ئینجا بۆ فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی جۆری بریداتۆری دروستکردووە ئەو داهێنەرە لەبەر لاوازی دارایی و نەبوونی پارەی زیاتر وایکرد ئەو بیرۆکەیەی خۆی لەگەڵ جەنەڕاڵێکی ئەمەریکی بەهاوبەشی کاربکەن تا زیاتر پەرە بە پڕۆژەکە بدەن وادیارە ئەو داهێنەرە عێراقیە لە ئێستادا لەگەڵ وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا کار دەکات بۆ ئەوەی داهێنانی زیاتر ئەنجام بدات وفڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە ئێستادا بۆتە بەشێکی گرنگی پڕۆسەی سەربازی و تەکنەلۆژیایەکی یەکجار بەهێزە لەلای وڵاتە زلهێزەکان

دینا و میرا بەرهەمێک بۆ نەخۆشی شێرپەنجە بڵاودەکەنەوە



دیناو میرا بەرهەمێکی نوێ بە دوێت بۆ نەخۆشی شێرپەنجە، بە بەشداری دلێر تێلی بڵاودەکەنەوە.هەردو هونەرمەندی کورد دینا و میرا یەکەمین بەرهەمی خۆیان ئەمسااڵ بە دوێت بڵاودەکەنەوە، کە پێشکەشکاری کورد دلێر تێلی لە کلیپەکەدا بەشدار دەبێت، بەم زوانە بڵاویدەکەنەوە.شێرپەنجە لە تێکستی شاعیری کورد نەوژین سۆرانە، لە ئاوازی هەڵکەوت زاهیرە، کاری ئەرێنجمێنتی لەلایەن ڕێناس کورداخ بۆ ئەنجامدراوە، لە دەرهێنانی بڕیار فەتاحە.

ئەو مۆبایلە زیرەکانەی کە چاککردنەوەیان ئاسانە



هەردەوان: لەوانەیە مۆبایلەکەت بەباشترین دابنێیت چونکە دوای ماوەیەکی زۆر بیرکردنەوە هەڵت بژاردووە و لەگەڵیدا ڕاهاتوویت، بەڵام شارەزایان باس لە تایبەتمەندی یەکێک لە مۆبایلە بەناوبانگەکان دەکەن کە وادەکات باشترین بێت.لەکاتێکدا مۆبایلەکەت کێشەیەکی تێدەکەوێت دەستبەجێ دەچیتە لای کەسێکی شارەزا و دەتەوێت بەزووترین کات و بەئاسانی چاکبکرێتەوە، شارەزایان باس لەو مۆبایلە دەکەن کە بەکاتێکی کەم چاک دەکرێتەوە و هیچ کێشەیەکی گرانی نییە کە چاککردنەوەی ئەستەم بێت، ئەویش (LG G5)ە و هەموو پارچەکانی بەئاسانی دەگۆڕدرێن و لەیەک جیادەکرێنەوە و پاتریەکەشی دەردەهێنرێت. هاوکات دوای ئەویش گووگڵ پێکسڵ و ئایفۆن ٧ لەپلەی دووەمدا دێن و شارەزایان بەئاسانی چاکیان دەکەنەوە، بەڵام گالاکسی ئێس ٧ وەک ئەوانی پێشوو نییە و لەکاتی چاککردنەوەدا ماوەیەکی زۆری دەوێت و